# کۆرۆناڤایرۆس لە دیدی (سلاڤۆی ژیژێک)دا: لە کاپیتاڵیزمەوە بەرەو کۆمۆنیزم

**مسلم حسن محمد[1] - ناودار زیاد رضا[1]**

[1+2]بەشی فەلسەفە، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە:**

سیستەمی جیهانیی پەیڕەوی لە کاپیتاڵیزم دەکات و بە بڕوای (سلاڤۆی ژیژێک)یش کاپیتاڵیزم دوچاری چەندین قەیران بوەتەوە و خوڵقێنەری چەندین قەیرانیشە. یەکێک لەو قەیرانانە پەتای کۆرۆنایە. بەو پێیەی کاپیتاڵیزم لە سۆنگەی قازانجەوە بیردەکاتەوە بۆیە بە ڕێساکانی خۆی ناتوانێت بەسەر ئەم پەتایەدا زاڵبێت. (ژیژێک)یش سوچی سەرەکی دەخاتە ئەستۆی مۆدێلە سیاسییەکەی کاپیتاڵیزم، کە بریتییە لە نیۆلیبرالیزم چونکە نیۆلیبرالیزم هەتا دێت زیاتر لە ڕێگەی بازاڕ و بەتایبەتیکردن و کۆمپانیاکان و میدیاوە بەرەو بەربەریزم هەنگاو دەنێت و مرۆڤی لە گیانی هاوکاری و هیومانیزم دورخستوەتەوە. لە پاڵ ئەمەشدا، ڤایرۆسی کۆرۆنا ترسی لە دڵی خەڵکیدا چاندوە و دەسەڵاتی دەوڵەتیشی بەسەر هاوولاتیاندا فراوانکردوە. بە بڕوای (ژیژێک) هەمو ئەمانە یارمەتیدەرن بۆ خەملینی سۆسیالیزم و ڕێگا بۆ فۆڕمێکی تازەی کۆمۆنیزم خۆش دەکەن. ئەمەش لەوەوە سەرچاوە دەگرێت بە میکانیزم و ئامرازەکانی کاپیتاڵیزم ناتوانرێت بەر بەم قەیرانە بگیرێت، بەڵکو دەوڵەت و ڕێکخراو و تاکەکان بەناچاریی دەبێت پەنا بۆ کۆمۆنیزم ببەن، کۆمۆنیزمێک، کە زیاتر هاریکاری و هەماهەنگی بەرجەستە دەکات، ئەمەش بە هۆکاری ئەوەی دەوڵەت ناتوانێت بە تەنیا و بەبێ هاوکاری تاکەکانی کۆمەڵگە و دەوڵەتانی دیکە ڕوبەڕوی ئەم قەیرانە ببێتەوە و بەسەریدا زاڵبێت، بەڵام گرنگە دەوڵەت دوربکەوێتەوە لە پیادەکردنی ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراو چونکە ئایدیۆلۆژیا دەشێت سەر بۆ تۆتالیتارییەت و بەرتەسککردنەوەی ئازادییەکان بکێشێت. لە بەرانبەردا، (ژیژێک) پێیوایە ئەگەر وڵاتان قۆناغی دەوڵەت-نەتەوە تێبپەڕێنن و لە ڕێگەی پیادەکردنی فۆڕمێکی نوێ لە کۆمۆنیزم بەرەو پۆست دەوڵەت-نەتەوە هەنگاوبنێن ئەوا توخمەکانی ڕزگاری و مانەوە و بەرگرییان بەهێزتر دەبێت. هاوکات (ژیژێک) سەرنج لەسەر چەمکی کارەسات (Catastrophe) چڕدەکاتەوە و پێیوایە ڕودانی کارەسات یارمەتیدەرە لە دوبارە بنیاتنانەوە و بوژاندنەوەدا. کۆرۆناش ئەگەرچی کارەسات بەرپابکات، بەڵام تۆوی بوژاندنەوەی ژیان و سروشت و کۆمەڵگەی لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتوە و ئەگەری هاتنەئارای کۆمۆنیزم بەهێز دەکات.

**کلیلە وشەکان:** سلاڤۆی ژیژێک، کۆرۆناڤایرۆس، کاپیتاڵیزم، کارەسات، نیۆلیبرالیزم، کۆمۆنیزم.

**Article Info:**
**DOI:** 10.26750/Vol(10).No(4).Paper23
**Received:** 04-Sep-2022
**Accepted:** 1-Nov-2022
**Published:** 29-Dec-2023
**Corresponding Author's E-mail:**
dr.muslimhasan2004@uor.edu.krd
nawdar.zeyad@uor.edu.krd
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
**Copyright**©2023 Journal of University of Raparin.

## پێشەکی:

دەرکەوتنی ڤایرۆسێکی مەترسیداری وەک کۆرۆنا دیاردەیەکی تازە نییە، بەڵکو بەشێکە لە مێژوی ڤایرۆسەکان یاخود زانستی ڤایرۆس[١]. مێژوش چەندین جۆری جیاوازی ڤایرۆسی تۆمارکردوە، کە ملیۆنان کەسی لەناوبردوە، لەوانە: تاعونی ئەنتۆنین، پەتای کۆلێرا، سیل، ئەنفلۆنزای ئیسپانی، ئەنفلۆنزای بەراز، ڤایرۆسی سارس، ئیبۆلا و دواجاریش کۆرۆناڤایرۆس یاخود کۆڤید-١٩.

ڤایرۆسی کۆرۆنا لە دیسەمبەری ساڵی (٢٠١٩)دا لە شاری *وۆهانـی* وڵاتی چین بڵاوبوەوە و لە ماوەی سێ مانگدا زۆربەی دەوڵەتانی جیهانی گرتەوە، تا وای لێهات هەمو جیهان کەوتە ناو جەنگێکەوە لەگەڵ ئەم پەتایەدا، کە تاکو ئێستاش ـ٢٠٢٢ـ بەردەوامی هەیە. هەرچەندە بەهۆی دۆزینەوەی پێکوتە و کەمبونەوەی ڕێژەی توشبوان و سنوردارکردنییەوە، وێڕای ئەوەی ماوە ماوە سەرهەڵدەداتەوە، بەڵام کاریگەرییەکانی جارانی نەماوە. لە کاتێکدا، جێکەوت و لێکەوتەی خۆی لەسەر تەواوی بوارەکانی ژیانی مرۆیی داناوە. ئەمەش وایکردوە چەندین هزرڤان و فەیلەسوف دیدی فەلسەفی خۆیان لەسەر ئەم ڤایرۆسە بخەنەڕو، لەنێویاندا تێڕوانینەکانی (سلاڤۆی ژیژێک)[٢]ی فەیلەسوفی *سلۆڤینی* سەرنجڕاکێش و گرنگە، چونکە (ژیژێک) یەکێکە لەو فەیلەسوفانەی خاوەن بۆچونی فەلسەفییە لەبارەی پرس و ڕوداو و دیاردە و گرفتە هەنوکەییەکانەوە.

(ژیژێک) زنجیرەیەک وتاری لەبارەی ئەم ڤایرۆسەوە نوسیوە، کە دواتر لە میانەی دو کتێبدا بە چاپی گەیاندون. ئێمەش لەم توێژینەوەیەدا لەپێناوی ڕەسەنایەتی توێژینەوەکە و تێگەیشتنی ڕاستەوخۆ لە (ژیژێک)، بە پلەی یەکەم پشتمان بە هەردو کتێبەکەی (ژیژێک) خۆی بەستوە، بە ناونیشانەکانی (پەتای کۆڤید-١٩ جیهان دەلەرزێنێت)[٣] (پەتا ٢: تۆمارەکانی زەمەنی لەدەستچو)[٤]. هەرچەندە ئێمە نەهاتوین هەمو کون و قوژبنێکی هزرەکانی (ژیژێک) لەم بارەیەوە بپشکنین، بەڵکو تەنها لەسەر ئەو ڕەخنانە ڕاوەستاوین، کە لە دەلاقەی کۆرۆناڤایرۆسەوە لە کاپیتالیزمی گرتوە، لەگەڵ ئەو باوەڕ و تێڕوانینانەی لە خزمەت کۆمۆنیزمدا خستویەتیەڕو. هاوکات خۆشمان بواردوە لەو بۆچونانەی (ژیژێک) لەبارەی کۆرۆناڤایرۆسەوە کە نەیپێکاوە یاخود وا دەرنەچون، چونکە ئەو لەگەڵ سەرهەڵدانی ڤایرۆسەکە و بڵاوبونەوە و تەشەنەسەندنیدا، بەردەوام و ماوە ماوە وتاری نوسیوە و بۆچونی خۆی دەربڕیوە، کە دواتر لە دوتوێی ئەو دو کتێبەدا بە چاپی گەیاندون، کە ئاماژەمان پێکرد. ئاشکراشە گۆڕانکارییەکان بەسەر ڕاددەی بڵاوبونەوە و ڕێژەی توشبون و مردن و کۆنترۆڵکردن و

دۆزینەوە و پێدانی پێكوتە لەگەڵ خۆیدا گۆڕانكاری بەسەر بۆچون و پێشبینییەكاندا دەهێنێت، بۆیە تەنیا لەو بۆچونانەی (ژیژێك)مان كۆڵیوەتەوە، كە لەناو كارەسات و ڕوداو و دیاردەكاندا ڕوناكی كۆمۆنیزمی بەدیكردوە و ئەرگیومێنتسازیی كردوە. ئەمەش لە بازنەی بۆچونە جێگیر و نەگۆڕەكانیدایە لەبارەی كۆمۆنیزمەوە.

(ژیژێك) لە خستنەڕوی ڕوانگە هزرییەكانیدا سەبارەت بە ڤایرۆسی كۆرۆنا وەكو نەریتی هەمیشەیی خۆی هەستاوە بە ڕاڤەكردنی چەندین ڕوداو و ڕەفتار و نمونە و نوكتە و گوتە و لێدوان و وتار و هەڵوێستی نوسەر و بیرمەند و زانا و سەرۆكەكانی جیهان. لەم ڕێیەوە هەوڵیداوە لە ڕەهەند و لێكەوتە و كاریگەرییەكانی ڤایرۆسەكە تێبگات و بۆچونەكانی خۆی ڕەنگرێژكردوە، بەڵام ئەم بۆچونانەی (ژیژێك) خۆكرد و خۆكار و خۆڕسك نین، بەڵكو پشتیان بە چەندین ئامرازی فەلسەفی بەستوە. ئەم ئامرازە فەلسەفییانەی لێهزرینی (ژیژێك) تێكەڵەیەكی هەڵبژاردەییە لە دیالێكتیكی ماركسیی و میتافیزیكی هێگڵیی و شیكاریی سایكۆلۆژیی لاكان(٥).

## گرنگی توێژینەوەكە:

دەكرێت گرنگییەكانی ئەم توێژینەوەیە لە چەند خاڵێكدا كورت بكەینەوە:

1. (سلاڤۆی ژیژێك) یەكێكە لەو فەیلەسوفە هاوچەرخانەی بۆچونەكانی بایەخێكی زۆری لە دونیادا هەیە. بەهۆی مێتۆدە سەرنجڕاكێشەكەی و قسەكردنی دەربارەی پرس و ڕوداوە هەنوكەیی و ڕۆژانەییەكان هەمیشە گفتوگۆ و ئەرگیومێنتسازی بە دوای خۆیدا دەهێنێت.
2. چەپێتی (ژیژێك) و ڕەخنەكانی لە كاپیتاڵیزمی زاڵ و هەژمونخواز و، هیواكانی بۆ گەڕانەوەی كۆمۆنیزم ناچێتە ژێر چەتری هیچ باڵ و ئاڕاستە و قوتابخانەیەك، بەڵكو تایبەتە بەخۆی و ئەو كۆمۆنیزمەی لە هزری خۆیەوە سەر دەردەهێنێت.
3. لێكەوتە و كاریگەرییەكانی پەتای كۆرۆنا بوار و پاوانی سیاسی و كۆمەڵایەتی و ئابوری و فەرهەنگی و تا دوایی، گرتوەتەوە و تێگەیشتن لێیان پێویستی بە چەندین توێژینەوە هەیە لە گۆشەنیگای جیاوازەوە، لەناو ئەم گۆشەنیگایانەدا هزری سیاسی بەدەرنییە لە ڕاڤە و سەربارخستنەكانی خۆی. لەم نێوانەدا (سلاڤۆی ژیژێك) بەدوای جێكەوتكردن و بایەخی ئایدیای كۆمۆنیزمەوە بو وەكو پێویستییەك بۆ زاڵبون بەسەر قەیرانی پەتای كۆرۆنا و میكانیزمێك بۆ ڕزگاربون لەو كاپیتاڵیزمەی، كە بە دەست چەندین قەیرانەوە دەناڵێنێت و شیاوی پێداچونەوە و دارشتنەوەیە.
4. شێواز و فەلسەفەی حوكمڕانیكردن لە هەرێمی كوردستاندا لە بەردەم ڕەخنەیەكی زۆردایە، لە ڕەهەندێكەوە بەهۆی ئەوەوەیە، كە شوێنكەوتەی سیستەمی كاپیتاڵیزم و نیۆلیبرالیزمە. ئەم سیستەمەش تا ئێستا بە خەڵك و كۆمەڵگە و هاوولاتیان قوت نەچوە. لەم سۆنگەیەوە تێگەیشتن لە فۆرمێكی تازەی كۆمۆنیزم یارمەتیدەر دەبێت بۆ دەوڵەمەندكردن و باربوكردنی فەلسەفەی حوكمڕانی.

## كێشەی توێژینەوەكە:

كێشەی ئەم توێژینەوەیە لە گەڕان و دۆزینەوەی ئایدیای كۆمۆنیزم لە هزری (سلاڤۆی ژیژێك)دا خۆی دەبینێتەوە. بەم پێیە ئەم كێشەیەمان لە ڕێگەی ئەو پرسیارەوە وروژاندوە: ئایا چۆن و بە چ شێوەیەك

کۆرۆناڤایرۆس ڕێگا بۆ سەرهەڵدانی کۆمۆنیزم خۆش دەکات؟ و لە میانەی توێژینەوەکەمانەوە هەوڵی وەڵامدانەوە و چارەسەرکردنی دەدەین.

**ئامانجی توێژینەوەکە:**

ئامانجمان لەم توێژینەوەیە باربوکردنی پانتایی هزری و فەلسەفی خوێنەری کوردزمانە بە ئایدیاکانی (سلاڤۆی ژیژێک) لەبارەی کۆرۆناڤایرۆسەوە چونکە (ژیژێک) لە هەناو و جەرگەی کارەساتێکی گەورە و جیهانی وەکو کۆرۆناوە ئومێدی ئاییندەیەکی گەشتر و سیستەمێکی بەڕێوەبردنی باشتر بۆ دونیا و کۆمەڵگە و دەوڵەتان دەخوازێت، لەگەڵ وەرگرتنی کۆمەک لەم هزرانەی (ژیژێک) لەلایەن دەسەڵاتدار و فەرمانڕەوایانەوە بە ئامانجی پیادەکردنی جۆرێک لە کۆمۆنیزم، چونکە پێمانوایە ئەو کۆمۆنیزمەی (ژیژێک) بانگەشەی بۆ دەکات زەمینەی یەکسانی و دادپەروەری و مرۆڤایەتی زیاتر بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە دەڕەخسێنێت و، هاوکات ڕێگاش دەگرێت لە خنکاندنی هەناسەی تاکەکان و بڕستلێبڕینیان لەژێر گوشاری کاپیتاڵیزمی ئامڕازخوازدا.

**مێتۆدۆلۆژی توێژینەوەکە:**

لەم توێژینەوەیەدا پشت بە دو مێتۆدی سەرەکی دەبەستین: یەکەمیان، مێتۆدی دیاردەناسییە (Phenomenology Approach). بەپێی ئەم مێتۆدە وەک دیاردەیەک لە ڤایرۆسی کۆرۆنا دەڕوانین، لەم سۆنگەیەوە ئەم مێتۆدە وەک یارمەتیدەرێک بۆ دۆزینەوەی ڕاستیی و ماهیەت و واتا فەلسەفییەکانی ڤایرۆسەکە بەکاردەهێنین. دوەمیان، مێتۆدی شیکارییە (analysis approach). بەم مێتۆدەوە ڕوانگەی (سلاڤۆی ژیژێک)مان بۆ ڤایرۆسی کۆرۆنا بەسەر توخم و یەکەی بچوک و بەش بەشدا دابەشکردوە بۆ مەبەستی شیکردنەوە و وەسفکردنی بیرۆکەکانی و هەڵهێنجانی پێشبینییەکانی.

**گریمانەی توێژینەوەکە:**

(سلاڤۆی ژیژێک) پێیوایە کۆرۆناڤایرۆس دەبێتە هۆی لەدایکبونی فۆرمێکی تازەی کۆمۆنیزم.

**پەیکەربەندی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکی و سێ تەوەرە و دەرئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکدێت.

لە تەوەرەی یەکەمدا، لەو بۆچونانەی (ژیژێک)ـەوە دەستپێدەکەین، کە بە ئاڕاستەی دەرچونن لەژێر سێبەری کاپیتاڵیزمدا. لێرەدا (ژیژێک) سەرنجەکانی لەسەر دو بابەت چڕدەکاتەوە، کە بەسەر دو لقدا دابەشمان کردوە، ئەوانیش: نقومبونی کاپیتاڵیزم لە قەیراندا لەگەڵ کەموکوڕییەکانی نیۆلیبرالیزم.

لە تەوەرەی دوەمدا، لە میانەی دو لقەوە باس لە گوشارە سایکۆلۆژییەکان و ڕەوشی ئاوارتە[٦] دەکەین، کە ڤایرۆسی کۆرۆنا سەپاندویەتی، بەڵام (ژیژێک) وەک دەلاقەیەک لێی دەڕوانێت، کە لێیەوە ڕۆشنایی کۆمۆنیزم بەدیدەکرێت و دەبێتە مایەی ڕەخساندنی زەمینەی هاریکاری و هەماهەنگی.

لە تەوەرەی سێیەمدا، لە ڕێگەی سێ لقەوە باس لەو فۆرمە نوێیەی کۆمۆنیزم دەکەین، کە (ژیژێک) بانگەشەی بۆ دەکات. لە لقی یەکەمدا، هەڵوەستە لەسەر چەمکی کارەسات دەکەین وەک وێستگەیەک بۆ گۆڕانکاریی ڕادیکاڵی. لە لقی دوەمدا، هەوڵی ڕونکردنەوەی دەستەواژەی ڤایرۆسی کۆمۆنیزم دەدەین، کە (ژیژێک) هیواخوازە

ئەم ڤایرۆسەی کۆمۆنیزم ببێتە مایەی تێپەڕاندنی ڤایرۆسی ئایدیۆلۆژیا. لقی سێیەمیشمان بۆ تێگەیشتن لەو فۆڕمەی کۆمۆنیزم تەرخانکردوە، کە لە هزری (ژیژێک)دا گەڵاڵە بوە.

پاشان، بە نوسینی دەرئەنجام و پەراوێز و لیستی سەرچاوەکان کۆتاییمان بە توێژینەوەکە هێناوە.

## تەوەرەی یەکەم

## دەرچون لەژێر سایەی کاپیتاڵیزم

ئەم تەوەرەیە دو لق لەخۆدەگرێت، لە لقی یەکەمدا باس لە سیستەمی کاپیتاڵیزمی نغرۆ لە قەیراندا دەکەین. لقی دوەمیشمان تەرخانکردوە بۆ ڕەخنە لە نیۆلیبرالیزم وەک مۆدێلی سیاسی کاپیتاڵیزم.

**لقی یەکەم: نغرۆبونی سیستەمی کاپیتاڵیزم لە قەیراندا**

(ژیژێک) لە پێشەکی کتێبی (پەتای کۆڤید-١٩ جیهان دەهەژێنێت) ئەو پرسیارە گەڵاڵە دەکات کە، سەرەڕای هۆشداریدانی زانایان چ هەڵەیەک لە سیستەمەکەماندا هەیە وا توشی کارەساتی ڤایرۆسی کۆرۆنا دەبین؟ (Žižek, 2020a; 4) لە وەڵامدا دەڵێت "لەبەرئەوەی سیستەم پەیڕەوی لە کاپیتاڵیزم دەکات. لەم ڕۆژگارەدا سیستەمی کاپیتاڵیزمیش زۆر بەهێزە و بە ئاسانی دەستبەرداری دەسەڵاتەکەی نابێت و خۆی بەسەر مرۆڤدا سەپاندوە، چونکە مرۆڤ ناچارە بەردەوام و هەمیشە بەرگەی چەندین ئازار و سەختی بگرێت" (ديهنافي، أبريل ٢٠٢٠: ٥). لەوەش خەمناکتر، لەم ڕۆژگارەدا، لەژێر ناوی ئەرکی هەرە پێویستی مرۆڤایەتیدا، دەوڵەت بوە بە پارێزەری ژیان دژی ئەو هیومانیزمەی، کە کاپیتاڵیزم ئاراستەی دەکات (Rivas, 2020; 8). واتە کاپیتاڵیزمی دەوڵەتیی بانگەشەی هیومانیزم دەکات، بەڵام لەگەڵ ئەم دۆخە ناهەموارەشدا، ڤایرۆسی کۆرۆنا وامان لێدەکات بیر لە سیستەمێکی دیکە بکەینەوە ئەویش کۆمۆنیزمە، هەرچەندە ئەمە هەمان کۆمۆنیزمی کۆن نییە، بەڵکو بریتییە لە کۆمۆنیزمێکی جیهانی نوێی سنوردار[٧]. (ژیژێک) ئەم فۆڕمەی کۆمۆنیزم زیاتر ڕون دەکاتەوە و دەڵێت "ئێمە قسە لەبارەی شێوازی کۆنی کۆمۆنیزم ناکەین، بەڵکو قسە لەبارەی جۆرێک ڕێکخراوی جیهانی دەکەین، کە بتوانێت ئابوری کۆنترۆڵ بکات و ڕێکی بخات و، سنورێکیش بۆ سەروەری دەوڵەت-نەتەوەکان دابنێت" (Žižek, 2020a; 45). بۆیە لە سەرەتاوە نابێت سەرنجمان بۆ ئەو کۆمۆنیزمە بچێت، کە یەکێتی *سۆڤیەتی جاران* و مارکسیزم بانگەشەی بۆ دەکەن، بەڵکو ئەمە ئەو کۆمۆنیزمەیە، کە بەهۆی قەیران و کارەساتەکانی کاپیتاڵیزمەوە ناچارین پەیڕەوی لێبکەین.

(ژیژێک) پێی وایە پەتای کۆرۆنا هەڵقوڵاوی دینامیکییەتی کاپیتاڵیزمی جیهانییە (Žižek, 2020b; 72). واتە کاپیتاڵیزم خۆی خوڵقێنەری ئەم پەتایەیە، لەبەرئەوەی بێڕەحمییەکەی و چنگگیرکردنی لە ڕۆحی سروشت و کۆمەڵگە و تاکەکان وایکردوە دەیان قەیرانی هەمەجۆر بخوڵقێت، هاوکات لە ئاست چارەسەرکردنی ئەم قەیرانانەشدا لاواز و بێتوانایە، چونکە کاپیتاڵیزم تەنها لە سۆنگەی قازانجەوە بیردەکاتەوە. هەر بۆیە ناتوانێت چارەسەری قەیرانی کۆرۆناش بکات، لەبەرئەوەی لۆژیکی قازانج ڕێگەی پێنادات کیتی پشکنین و دەمامک و ئامێری هەناسەدان و پێداویستییەکانی دیکە بۆ ئەو دەوڵەتانە دابینبکات، کە هەژارن و توانای کڕینیان نییە (سی

بەیکەر، حوزەیرانی ٢٠٢٠: ١١٤). ئەمەش ئەو حەقیقەتە دوپات دەکاتەوە، کە سیستەمی کاپیتاڵیزم پشتگیری سەرمایەدار و زەنگینەکان دەکات و بە زمانی پارە دەئاخڤێت.

هەروەها (ژیژێک) سەرنجمان بۆ ئەوە ڕادەکێشێت، کە بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە کاپیتاڵیزم چینێکی نوێی کرێکاری بەرهەمهێناوە کە، لە دو ڕووەوە لەژێر بارێکی سەخت و گراندان: یەکەم، ئەم کرێکارانە بەهۆی کارەکانیانەوە هەردەم لە بەردەم ریسکی توشبونن بە ڤایرۆسەکە. دوەم، ئەم کرێکارانە لە بەردەم مەترسی لەکاردەرکردن و لێبڕینی سەرچاوەی داراییاندان بەهۆی کەمکردنەوەی خەرجی ئابوری، کە ڤایرۆسەکە سەپاندویەتی (Žižek, 2020b; 19,20). ئەمە ئەگەر بیری لێنەکرێتەوە و چارەسەرنەکرێت ئەوا کارەساتی مرۆیی دەخوڵقێنێت و باری سەرشانی ئەم کرێکارانە هەر بە قورسی دەهێڵێتەوە، چونکە ئەمە بە سیستەمە کاپیتاڵیزمییەکە خۆی چارەسەرناکرێت، لەبەرئەوەی کاپیتاڵیزم زیاتر سەرنجی لەسەر بازاڕە، (ژیژێک)یش بڕوای وایە میکانیزمەکانی بازاڕ بە تەنیا ناتوانن بەر بە فەوزا و برسێتی و نادادی بگرن، بەڵکو تاکە ڕێگا بریتییە لە پیادەکردنی شێوازێکی نوێی سۆسیالیزم، کە جودایە لە سۆسیالیزمی کلاسیکیی و ئامانجی ئەوەیە ئەم قەیرانە تێپەڕێنێت و لە زۆرداری و ستەمی بازاڕ ڕزگاری بێت و لە بەربەرییەت دوربکەوێتەوە، چونکە (ژیژێک) پێیوایە دوای ئەم پەتایە یان لە بەردەم بەربەریزمداین یان لە بەردەم هەندێک فۆڕمی داهێنەرانەی کۆمۆنیزم. لە کاتێکدا ئەم پەتایە دەرفەتێکە بۆ دوبارە بوژاندنەوە و داهێنانەوەی کۆمۆنیزم (Delanty, May 2020; 11). دەتوانین ئەوە لەم بۆچونانەی (ژیژێک)ەوە هەڵبهێنجین کە، عورف و ڕێساکانی کاپیتاڵیزم ناتوانێت لە ئاست چارەسەرکردنی ئەم پەتایەدا بێت. لێرەشدا خەتای یەکەم و سەرەکی لە ئەستۆی مۆدێلە سیاسییەکەی کاپیتاڵیزمدایە، کە بریتییە لە نیۆلیبرالیزم. بەڵام ئایا پەیوەندیدار بەم پەتایەوە (ژیژێک) چۆن لە نیۆلیبرالیزم دەڕوانێت؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە بابەتێکی سەربەخۆیە بۆیە لە لقی دواتردا گەنگەشەی دەکەین.

### لقی دوەم: ڕەخنە لە نیۆلیبرالیزم

(ژیژێک) دەمێکە بانگەشەی ئەوە دەکات، کە نیۆلیبرالیزم وەکو پرۆژەیەکی سیاسی شکستی هێناوە و مردوە (Delanty, May 2020; 12). لەگەڵ بڵاوبونەوەی قەیرانی پەتای کۆرۆناشدا گورزی دیکەی بەرکەوتوە، چونکە بەگوتەی (ژیژێک) مرۆڤایەتی لە بەردەم دو نمونەدایە: لە نێوان بەتایبەتیکردن[٨] کە جۆرێکە لە بەربەریزم و سۆسیالیزم، ئەمەی دواییان فۆرمێکی شارستانی و هیومانییە (Žižek, 2020a; 91) و (ژیژێک) پەسەندی دەکات. هەرچەندە (ژیژێک) پێیوایە لە کاتی ئەم قەیرانەدا ئێمە هەمومان بەناچاریی سۆسیالیستین، تەنانەت (دۆناڵد ترامپ)ی سەرۆکی ئەوکاتی *وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکاش* (٢٠٢٠)، کە ڕوخساری سیستەمی کاپیتاڵیزمە. ئەوەبو (ترامپ) بڕیاری دەرکرد تاکو [١٠٠٠] دۆلار بخرێتە سەر ئەژماری بانکی هەمو هاووڵاتییەکی *ئەمەریکی* و چەندین ملیار دۆلاری لەپێناوی ڕێگریکردن لە بڵاوبونەوەی ئەم پەتایەدا خەرجکرد. ئەم هەنگاوانە پێشێلکردنی هەمو ڕێساکانی بازاڕە (Ibid; 93). ئەو بازاڕەی بەگوێرەی یاساکانی نیۆلیبرالیزم دەجوڵێتەوە و ڕێگا بە دەستێوەردانی دەوڵەتیی نادات، کەچی ئێستا بەناچاریی و لەپێناوی ڕزگاربوندا دەوڵەت دەبێت دەستوەردان لە بازاڕدا بکات، بەڵام دواتر دەرکەوت ئەم دەستێوەردانەی دەوڵەت فەلسەفە و ڕێبازی

سۆسیالیزمی لە پشتەوە نییە، بەو جۆرەی بەردەوام بێت لەسەری و پێداچونەوە بە سیستەمەکەیدا بکات.

(ژیژێک) وێڕای ستایشکردنی کۆمۆنیزم، ئەوەش دەزانێت، کە پیادەکردنی کۆمۆنیزم هەروا ئاسان نییە، بەتایبەت لەم سەردەمەدا، کە نیۆلیبرالیزم زاڵ و باو و باڵکێشە، بۆیە ڕستەیەکی کۆتایی شانۆنامەی [دایک]ی (بێرتۆلد برێخت)[٩] وەردەگرێت، کە لەوێدا (برێخت) دەڵێت "کۆمۆنیزم ئاسانترین شتە، بەڵام جێبەجێکردنی ئەستەمە"، چونکە چەندین بەربەست و لەمپەڕ هەن، کە وا دەکەن پیادەکردنی کۆمۆنیزم ئەستەم بێت، لە سەروی هەموویانەوە سیستەمی کاپیتاڵیزمی جیهانییە، بەو پێیەی هۆشیاری و نیمچە هۆشیاری و ناهۆشیاری و ئەو هەڵوێست و پاڵنەر و فەنتازیا و پێشداوەرییانەی، کە ژیانمان ڕێکدەخەن لە هەناوی ئەم سیستەمەوە دێنە دەرەوە (Žižek, 2020b; 108,109). بەو واتایەی مرۆڤ لەناو ئەم سیستەمەدا فۆرمەلە و قاڵبگیر دەبێت. لەبەرئەوە، "زۆربەی نوسەرەکانیش لەگەڵ بڵاوبونەوەی پەتای کۆرۆناڤایرۆسدا بانگەشەی گوتەزای [کاپیتاڵیزمی چاودێری][١٠]یان دەکرد وەکو قۆناغێکی نوێ لە کاپیتاڵیزم لەو ڕووەوەی بە تۆتالیتارییەت و گشتگیرییەتە دیجیتاڵییەکەی بونی ئێمەی کۆنترۆڵکردوە، ئەمەش بە کۆمەکی دەزگاکانی دەوڵەت و کۆمپانیا تایبەتەکان ئەنجام دەدات... چونکە مێشکمان بە میکانیزمە دیجیتاڵییەکانەوە گرێدراوە" (Ibid; 13). بە دەربڕینێکی تر، کۆمپانیاکان وەکو کۆڵەکەی سەرەکی نیۆلیبرالیزم دەستیان بەسەر عەقڵ و بیرکردنەوەی تاکەکاندا گرتوە. ئەمەش پێویستی بە گۆڕانێکی ڕادیکاڵی هەیە، کە بە کۆمۆنیزم نەبێت ناکرێت، بەڵام هەندێک لە ئەرسۆزۆکسییەکان دەڵێن بەپێی ئەرگیومێنتی مارکسیزم هیچ شۆڕشێک بونی نییە بەبێ پارتێکی شۆڕشگێڕیی و هێزێکی ڕێکخراو، کە بزانێت چی دەوێت. لە وەڵامی ئەمانەدا (ژیژێک) دەڵێت ڕەخنەگران دو خەسڵەتی بێهاوتای ئەم تەنگژەیەی ئێستایان فەرامۆشکردوە، کە خەسڵەتی سۆسیالیستین: یەکەم، خودی دۆخەکە لەڕوی ئابوری و تەندروستییەوە وا دەخوازێت میکانیزمەکانی بازاڕ هەڵپەسێردرێت و ملکەچی ئەو ڕاستییە بین، کە "بۆ هەر کەسێک بەپێی پێداویستییەکانی، لەسەر هەر کەسێکە بەگوێرەی توانستەکانی"[١١] تەنانەت سیاسەتمەدارە پارێزگارەکانی دەسەڵاتیش پابەندی پیادەکردنی داهاتی بنەڕەتی گشتگیرن. دوەم، سیستەمی کاپیتاڵیزمی جیهانی لە بەردەم گەردەلولێکی تەواوەتیدایە لەو ڕووەوەی قەیرانی تەندروستی تێکەڵ بە قەیرانەکانی ئابوری و ژینگە و ململانێ نێودەوڵەتییەکان و دەرکەوتنی نارەزایەتییە دژە ڕەگەزپەرستییەکان کردوە. کۆکردنەوەی هەمو ئەم ناکۆکییانە، هۆشداری ئەوەمان دەداتێ، کە ئەم قەیرانانە بەشێوەیەکی جەوهەری و ناوەکییانە لە پەیوەندیدان، ئەمەش ماتەوزەیەکی[١٢] گەورەی ڕزگارییبەخشە (Ibid; 188,189). کەواتە، لە گۆشەنیگای (ژیژێک)ەوە ئێمە پێویستیمان بە گۆڕینی دونیا نییە وەکو مارکسیزم بانگەشەی بۆ دەکات، بەڵکو وەک تاکە دەرچەی ڕزگاریی پێویستە هەوڵ بدەین ئەم مۆدێلە سیاسییەی ئەمڕۆ بەجێبهێڵین، لەبەرئەوەی "(ژیژێک) پەنجە بۆ ئەوە ڕادەکێشێت، ئەگەر بێت و سیستەمی کاپیتاڵیزم لە پەتای کۆرۆنا دەربازی بێت ئەوا دەبێتە سیستەمێکی سیاسیی و ئابوریی بەربەریی" (حەمە، ئازاد، ٢٠٢١: ٢٤٩)، بەو پێیەی لە کاتی پەتاکەدا دو بابەت هەبون یارمەتی ئەو سیستەمەیان دەدا، ئەوانیش: کاریگەرییە سایکۆلۆژییەکان، کە دوچاری شڵەژانی دەرونیی کردوین. لەگەڵ خۆسەپاندن و بەهێزکردنی سیستەمی کۆنترۆڵ و هەژمونی دەوڵەت. لەگەڵ ئەوەشدا، (ژیژێک) دەیەوێت لەم دو ڕوبەرەشدا شوێنپێی کۆمۆنیزم هەڵبگرێت. بۆیە وا پێویست دەکات ئەم دو پرسە: سایکۆلۆژیا و هەژمونی دەوڵەت، مژاری

تەوەرەی دواترمان بێت.

## تەوەرەی دووەم

## قەیرانی سایکۆلۆژیا و بەرفراوانبونی دەسەڵاتی دەوڵەت

بابەتەکانی ئەم تەوەرەیەمان بەسەر دو لقدا دابەشکردوە. لقی یەکەم بە ناونیشانی لە سێبەری سایکۆلۆژیاوە بەرەو ڕۆشنایی کۆمۆنیزم. لقی دوەمیشمان بۆ ڕاڤەکردنی ڕەوشی ئاوارتە و بەرفراوانبونی دەسەڵاتەکانی دەوڵەت تەرخانکردوە.

### لقی یەکەم: لە سێبەری سایکۆلۆژیاوە بەرەو ڕۆشنایی کۆمۆنیزم

لەگەڵ بڵاوبونەوەی ڤایرۆسەکە بە جیهاندا (ژیژێک) بانگەشەی ئەوەی کرد، کە "سێ قەیران بەرۆکی پێگرتوین و گیرۆدەی کردوین، ئەوانیش: قەیرانەکانی پزیشکی و ئابوری و سایکۆلۆژییە"(١٣) (الناسک، آب ٢٠٢٠: ٢٢٦). واتە یەکێک لە قەیرانەکان سایکۆلۆژییە. سایکۆلۆژیاش جێی بایەخی (ژیژێک)ە بە حوکمی ئەوەی (ژاک لاکان)ی دەرونناس یەکێک لە کۆڵەکە هزرییەکانی (ژیژێک)ە هەروەکو پێشتر ئاماژەمان پێدا. بۆیە، لێرەدا دەپرسین (ژیژێک) چۆن شیکاری ئەم قەیرانە سایکۆلۆژییە دەکات؟

بە بۆچونی (ژیژێک) هەروەکو (ئازاد حەمە)ش لە کتێبەکەیدا (فەلسەفاندنی پەتا) هێمای بۆ کردوە، "لەگەڵ بڵاوبونەوەی ئەم پەتایەدا شڵەژان ـ پانیک ـ پەیدادەبێت و هەراسانی دەرونی و ڕۆحی لەناو ڕەفتار و جوڵەکانمان دەڕوێت" (حەمە، ٢٠٢١: ٢٤١)، ئەمەش بەهۆی ئەوەوەیە، ئەم پەتایە ترس و بیم و تۆقاندنی خوڵقاندوە، هەرچەندە دەزگاکانی ڕاگەیاندن و لایەنە حکومییەکان بەردەوام ئەوە بەگوێی خەڵکیدا دەدەن، کە پێویست بە ترسان ناکات، بەڵام حەقیقەتەکە ئەوەیە، کە ڤایرۆسەکە مەترسیدارە و هەڕەشەیە بۆ سەر تەندروستیمان، کە بەنرخترین شتی ژیانمانە، ئەوەتا (ژیژێک) دەڵێت "میدیاکان بە بەردەوامی دەستەواژەی [مەترسن] دوپاتدەکەنەوە، بەڵام ئەمە بە تەواوەتی ناکۆکە لەگەڵ هەمو ئەو زانیارییانەی، کە وەریدەگرین، چونکە ناکرێت ئەو زانیارییانە هۆکارێک نەبن بۆ ترس و تۆقین. ئەم بارودۆخە هاوشێوەی ئەو بارودۆخەم دەهێنێتەوە یاد لە سەردەمی گەنجیمدا لە وڵاتێکی کۆمۆنیستدا کاتێک بەرپرسە حکومییەکان خەڵکیان دڵنیادەکردەوە لەوەی هیچ هۆکارێک نییە تاکو بترسین، بەڵام ئێمە هەمومان دڵنیابوین لەوەی، کە بەرپرسەکان خۆیان لە مەترسیدابون"(١٤) (Žižek, 2020a; 63). ئەوەی ئێستاش ڕون و ئاشکرایە ئەوەیە، کە ئەم ڤایرۆسە هەمومانی پێکەوە دوچاری ترس و تۆقاندن کردوە، هەم لە ڕوبەری واقیعی ڕیاڵدا، هەم لە ڕوبەری واقیعی مەجازیی یاخود فەزای ئینتەرنێت و سۆشیاڵ میدیادا. ئەوەتا لە ڕوبەری واقیعی ڕیاڵدا وای لێمان کردوە تەوقە لەگەڵ یەکتریدا نەکەین و نەچین بۆ شوێنە گشتییەکان و تەنانەت جوڵە خۆکردییەکانی وەک دەست لە دەموچاو دان کۆنترۆڵ بکەین. واقیعی مەجازییش هەرچەندە وا دەردەکەوێت، کە سەلامەتە، بەڵام ئەویش لە ڕێگەی هەواڵی ساختە و تۆقێنەر لەبارەی ڤایرۆسەکەوە ئێمەی دوچاری گوشاری سایکۆلۆژیی کردوەتەوە (Ibid; 43,44). کەواتە ترس و تۆقینێکی زۆر بەهۆی ئەم پەتایەوە دایگرتوین، بەڵام ئایا مانەوە لەم دۆخی ترسەدا چارەسەرە؟

لە وەڵامدا (ژیژێک) دەڵێت سەبارەت بە کاردانەوەمان بۆ پەتای کۆرۆناڤایرۆس دەتوانین هەندێک شت لە

(کوبلێر ڕوس، Kübler-Ross)ـەوە فێربین. (ڕوس) لە کتێبەکەیدا (مردن و ژیانئاوایی، Death and Dying) پێنج قۆناغ بۆ چۆنیەتی کاردانەوەمان دەستنیشان دەکات کاتێک، کە دەزانین دوچاری نەخۆشییەکی کوشندە بوینەتەوە. (ژیژێک) هەر پێنج قۆناغەکە لە (ڕوس)ـەوە وەردەگرێت و بەسەر پەتای کۆرۆناڤایرۆسدا پیادەی دەکات لە ڕێگەی ئەو پرسیارەی: ئێمە چۆن مامەڵەمان لەگەڵ کۆرۆناڤایرۆسدا کرد کاتێک لە کۆتاییەکانی ساڵی (٢٠١٩)دا بڵاوبوەوە؟ یەکەمجار، نکۆڵی لێکرا [بانگەشەی ئەوە دەکرا، کە هیچ شتێکی مەترسیدار ڕونادات، تەنها هەندێک خەڵکی نابەرپرس ترس بڵاودەکەنەوە]. پاشان، تورەبون [لەم قۆناغەدا ڕەگەزپەرست و دژە دەوڵەتەکان دەیانگوت وڵاتی چین پیسە، دەوڵەتەکەی ئێمە توش نابێت...]. دواتر، قۆناغی دانوستان دێت [ئۆکەی، هەندێک قوربانی هەن، بەڵام ڤایرۆسەکە مەترسی کەمترە لە ڤایرۆسی سارس و دەتوانین زیانەکانی سنوردار بکەین...]. ئەگەر ئەمە کاری خۆی نەکرد، ئەوا گوشارە سایکۆلۆژییەکان بەرزدەبنەوە [با خۆمان نەخەڵەتێنین، ئێمە هەمومان چارەنوسمان لە مەترسیدایە]... بەڵام چۆن لە قۆناغی کۆتاییدا پەسەندی دەکەین؟ ئەمە حەقیقەتێکی نامۆیە، کە دەرکەوتوە ئەم پەتایە خەسڵەت و سیفەتی هاوبەشی هەیە لەگەڵ کۆتا خولی نارەزایەتییە کۆمەڵایەتییەکان لە شوێنەکانی وەکو *فەرەنسا* و *هۆنگ کۆنگ*، ئەوان پێداگرن لەسەر ئەوەی، کە ترسێکی هەمیشەمان لەسەرە و شکست بە ژیانمان دەهێنێت (Ibid; 49,51,52). بەڵام (ژیژێک) پێیوایە "تۆقین میکانیزمێکی گونجاو نییە بۆ ڕوبەڕوبونەوەی هەڕەشەیەکی ڕاستەقینە... بۆیە ئەو پرسیارە دەکات: ئایا بۆ مەبەستی ڕوبەڕوبونەوەی ئەم هەڕەشە مەترسیدارە پێویستە چی فێربین و چی بکەین؟" (Ibid; 64,65). کەواتە دوای بڵاوبونەوەی هەر هەڕەشە و مەترسییەک گوشارە سایکۆلۆژییەکان بەرزدەبنەوە. (ژیژێک) نکۆڵی ناکات لەو ڕەوشە سایکۆلۆژییەی ئەم ڤایرۆسە بەدوای خۆیدا هێناویەتی، بەڵام ناشیەوێت دەستەوستان دابنیشێت و هیچ نەڵێت، بەو پێیەی ئەگەر ئێمە لەم ڕەوشەدا بمێنینەوە دورنییە گوشارەکان زیاتر و زیاتر بن و لێکەوتەی نەرێنی دیکەی هەبێت.

(ژیژێک) لە وەڵامدا کۆمۆنیزم بە چارەسەر دەزانێت. هەرچەندە، خۆی پێیوایە چارەسەرەکەی پێکەنیناوی دێتە بەرچاو، بەڵام پێداگرە لەسەر ئەوەی هیچ چارەسەرێکی دیکە نییە جگە لە کۆمۆنیزم (Ibid; 65). لە کاتێکدا، (ژیژێک) ئەوەمان بۆ دیاری ناکات مەبەستی لە چ جۆرە کۆمۆنیزمێکە، بەڵکو تەنها لە زاری (تیدرۆس گێبریسیوس، Dr. Tedros Adhanom Ghebreyesus)ی سەرۆکی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانییەوە [WHO] بۆ تێگەیشتن لەو کۆمۆنیزمەی ئەو دەیخوازێت باس لە گرتنەبەری شێوازی هەماهەنگی و هاریکاری بەکۆمەڵی گشتگیر دەکات بە بەشداری دامەزراوە ناوخۆییەکانی حکومەتەکان (Ibid; 66,67). هەروەها، لە پێشەکی کتێبی (پەتای کۆڤید-١٩ جیهان دەلەرزێنێت) بە هەڵگۆزین لە (هێگڵ)ی فەیلەسوفی *ئەڵمانی* دەڵێت "ڕاستە کۆرۆناڤایرۆس وایکردوە ئێمە خۆمان لە بەریەککەوتن بپارێزین، بەڵام ئەمە نەبوەتە هۆی لەدەستدانی خۆشەویستیمان بۆ یەکتر، چونکە سەرنجدانێکی قوڵی چاوەکانی یەکتر زۆر زیاترمان پێدەبەخشێت لە تەوقە و بەریەککەوتن یاخود هێشتنەوەی مەودایەکی جەستەیی لە نێوانماندا، چونکە (هێگڵ) گوتەنی ئێمە لەوانی تردا خۆمان دەبینین و، ئەوانی تر بەشێکن لە بونی خۆمان (Ibid; 2). هەرچەندە، لێرەدا فەیلەسوفی *ئیتاڵی* (جۆرجیۆ ئاگامبن)[١٥] تێڕوانینی جودایە لە (ژیژێک)، چونکە (ئاگامبن) بڕوای وایە "ترس لە مردن بەهۆی ڤایرۆسی

کۆرۆناوە وایکردوە خەڵکی ئامادەبن قوربانی بە هەمو شتێک بدەن لەپێناوی مانەوەدا، هەر بۆیە خەڵکی *ئیتاڵیا* ئامادەن قوربانی بە ژیانی سروشتی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و کار و هاوڕێیەتی و سۆز و بیروباوەڕە ئایینی و سیاسییەکان بدەن لەپێناوی دورخستنەوەی مەترسی توشبونیان بە کۆرۆنا" ( Reader, 2022; 592,593). واتا لەپێناوی مانەوە لە ژیاندا واینەکردوە خەڵکی یەکگرتوبن، بەڵکو دوریخستونەتەوە لە یەکتری و دابیڕیون لە یەکدی. بەڵام (ژیژێک) دیدی پێچەوانەی (ئاگامبن)ـە و دەڵێت "دۆخەکە زۆر لەوە ئاڵۆز و لێڵ و تەمومژاویترە، چونکە ترس لە مردن وایکردوە خەڵکی یەکگرتوبن. پارێزگاریکردن لە دوری جەستەیی بە واتای ڕێزگرتنە لەویتر، لەبەرئەوەی تۆ دەشێت هەڵگری ڤایرۆسەکە بیت" (الناسک، آب ٢٠٢٠: ٢٢٥). سەرەڕای ئەوەی، (ژیژێک) درک بەوەش دەکات، کە "ئەو هەمو ڕێوشوێنە توندە لەپێناوی مانەوەدا دەشێت جۆرێک بێت لە بەربەرییەت، بەڵام بە ڕوخسارێکی مرۆییەوە" (الناسک، آب ٢٠٢٠: ٢٢٥). بەم جۆرە، هەرچەندە ئەوانی تر مایەی توشبونی ئێمە بن بەم ڤایرۆسە، بەڵام هەر ئەوانی دیکەشن مایەی ڕزگاری و دەربازبون و پاراستنمان، چونکە سوبێکت لە پەیوەندیدایە لەگەڵ کۆمەڵگە و جیهاندا و دابڕاویش نییە لەوانی تر. هەر لە میانەی ئەم پەیوەندییەشدا بە ڕێگەی هاوکاری و خۆشەویستی و بە تەنگەوەچونی یەکترییەوە دەتوانێت مەترسییەکانی ئەم ڤایرۆسە لە خۆی دوربخاتەوە. هاوکات دەوڵەت زۆر بە توندی کاری لەسەر ئەمە کرد و ئێستاش کاری لەسەر دەکات. لە زۆربەی دەوڵەتان ڕەوشی ئاوارتە ڕاگەیەنرا و دەوڵەت بە زەبری هێز دەسەڵاتەکانی پیادەکرد، بەڵام ئایا تێڕوانینی (ژیژێک) لەبارەی ڕاگەیاندنی ڕەوشی ئاوارتە و فراوانبونی دەسەڵاتەکانی دەوڵەتەوە چۆنە؟ لە لقی دواتردا وەڵامی ئەم پرسیارە دەدەینەوە.

## لقی دوەم: ڕەوشی ئاوارتە و بەرفراوانبونی دەسەڵاتەکانی دەوڵەت

لەم لقەدا بابەتی ڕەوشی ئاوارتە و هەژمونی دەوڵەتمان پێکەوە گرێداوە چونکە ڕاگەیاندنی ڕەوشی ئاوارتە تەنها لە دەسەڵاتی دەوڵەتدایە. بڵاوبونەوەی کۆرۆناڤایرۆس وایکرد دەوڵەتەکان بە چەندین شێوە و میکانیزم حاڵەتی ئاوارتە و نائاسایی ڕابگەیەنن. (ژیژێک) بڕوای وایە لە دۆخی ئاوارتەی ڕاستەقینەدا پێویستە هەمو نەخۆشخانە تایبەتەکان بخرێنە خزمەتی توشبوانەوە (تەیفوری، بەبێ ساڵی چاپ: ٩٨،٩٧). واتا (ژیژێک) پێیوایە دۆخی ئاوارتە دەبێت دۆخی بەتەنگەوەهاتن و هاریکاریی بێت. هاوکات لەگەڵ بڵاوبونەوەی کۆرۆنادا زۆربەی دەوڵەتان هەستان بە گرتنەبەری ڕێوشوێنی توند لەسەر سنورەکان و، پیادەکردنی سەروەرییان و، پاراستنی ئاسایشی نەتەوەییان. بۆ ئەم مەبەستە وڵاتان یارمەتییان لە دیسپلینی سەربازی وەرگرت تاکو کەرەنتینە جێبەجێ بکەن. دەوڵەتەکانی وەکو چین و *وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا* بە زەبری هێز ڕێوشوێنیان گرتەبەر. بۆیە، بەشێک لە لیبرالییەکان سەپاندنی کەرەنتینەیان بە پیلانگێڕیی دەوڵەت دادەنا و هەوڵیان دەدا بەربەستی چونە دەرەوە بشکێنن (Žižek, 2020a; 10). کاتێکیش لە *ئیتاڵیا* بە زەبری هێز کەرەنتینەیان سەپاند و هاووڵاتیانیان ترنجاندە کونجی ماڵەکانیان (ژیژێک) گوتی "داخستنی دەرگا و کەرەنتینەکردنی *ئیتاڵییەکان* بێگومان خواستە تۆتالیتارییە بەربەرییەکان بەرجەستە دەکات" (Ibid; 73). لێرەدا دەپرسین دەوڵەت بە چ جۆرێک کەرەنتینە بەڕێوەدەبات وا جێی ڕەخنەی (ژیژێک)ـە؟

دەکرێت لە وەڵامدا سێ خەسڵەتی سەرەکی دەستنیشان بکەین، کە لە بەڕێوەبردنی کەرەنتینەدا لەلایەن دەوڵەتەوە جێی سەرنجی (ژیژێک) بون: یەکەم، بەشێک لە دەوڵەتان کۆنترۆڵی هەرێم و ناوچەکانیان کەوتە دەست فەرماندە و سەرکردە سەربازییەکان (Ibid; 99). دوەم، ئەو میدیا زەبەلاحانەی، کە هەژمونیان بەسەر دابەشکردن و بڵاوکردنەوەی هەواڵەکاندا هەبو، هێزی بیرکردنەوە و شیکردنەوەیان لە میللەت سەندەوە، چونکە هەواڵەکانیان لە ڕێگەی سەرکردە و پیشەنگەکانەوە دەگواستەوە (ديهنافي، أبريل ٢٠٢٠: ٤). سێیەم، بەشێک لە گروپە توندئاژۆ و پەڕگیرەکان لەپێناو بەهێزبون و نوێبونەوەی نەتەوەکانیان بانگەشەی ئەو ستراتیژییەتەی نازییەکانیان دەکرد، کە دەیگوت "لێگەڕێ با پیر و لاوازەکان بمرن" (Žižek, 2020a; 99). لەگەڵ ئەوەشدا، (ژیژێک) لایەنە ئەرێنییەکانی هەژمونی دەسەڵاتی دەوڵەتی نادیدە نەگرت. بۆ نمونە باسی لەو هەڵوێستەی (دۆناڵد ترامپ) کرد کاتێک پێشنیاری ئەوەی کرد، کە دەستوری فیدراڵی ڕێگەی بدات دەست بەسەر کەرتی تایبەتدا بگرێت تاکو حکومەت بتوانێت وەڵامی ڤایرۆسی کۆرۆنا بداتەوە، ئەگەر پێویستیشی کرد ئەوا دەسەڵاتی خۆی بۆ بەرهەمهێنانی ڕاستەوخۆی پیشەسازی ناوخۆیی بەکاربهێنێت (Žižek, 2020a; 91,92). ئەمەش بە ئامانجی ئەوەی کارگە و کۆمپانیاکان ناچاربکات ئەو کاڵا و پێداویستییانە بەرهەمبهێنن، کە دەتوانن لە ڕوبەڕوبونەوەی کۆرۆناڤایرۆسدا یارمەتیدەربن، بۆیە (ژیژێک) دەڵێت "من لەم دواییانەدا بەردەوام بۆ ئەم قەیرانانە پێشنیاری شێوازێک لە کۆمۆنیزم دەکەم، کەچی دەبم بە مایەی پێکەنین... لە کاتێکدا ئەم هەنگاوانە جۆرێکە لەو کۆمۆنیزمەی پێشنیاری دەکەم، ئەمەش کۆمۆنیزمێکی یۆتۆپی نییە، بەڵکو کۆمۆنیزمێکی ناچاریی و پێویستە و لەپێناوی مانەوەی ڕوت و ڕزگارییماندایە" (Ibid; 92). بەڵام ئایا (ژیژێک) نازانێت پێدانی دەسەڵات بە دەوڵەت دەشێت هاوشێوەی *یەکێتی سۆڤیەتی سۆسیالیستی جاران* و سیستەمە هاوشێوەکانی، هەمان شکستەکانی ئەوان بەرهەمبهێنێتەوە؟

بێگومان، (ژیژێک) بە وردی و وریایی لەم کۆمۆنیزمە دەڕوانێت و دەزانێت، کە بەخشینی دەسەڵات بە دەوڵەت دەشێت ببێتە مایەی تۆتالیتاریزم و فاشیزم، بۆیە دەڵێت "هەندێک وایدەبینن ساتی قەیرانەکان چرکەساتێکی ناسیاسییە، لەو ڕووەوەی پێویستە لەسەر دەسەڵاتی دەوڵەت ئەوە ئەنجام بدات، کە ئەرکە لەسەری و، ئێمەش لەپێناوی گەڕانەوەمان بۆ ژیانی ئاسایی لەسەرمانە شوێن ڕێنماییەکانی دەوڵەت بکەوین ( Ibid; 102)، بەڵام هاووڵاتیان دەبێت ئەم گوێڕایەڵییە بە وریاییەوە ئەنجام بدەن، بۆیە (ژیژێک) ئەوەش سەربار دەخات و دەڵێت لێرەدا لە هەمو کاتێک زیاتر پێویستە پابەندی ئەو گوتەزایەی (ئیمانوێل کانت) بین، کە سەبارەت بە یاساکانی دەوڵەت دەڵێت "گوێڕایەڵ بە، بەڵام بیربکەرەوە، پارێزگاری لە ئازادی بیرکردنەوەت بکە" (Ibid; 102). ئەمەش لەبەرئەوەیە لە دەرەوەی فۆرمی دەوڵەت هیچ فۆرمێکی دیکەی جێگرەوە نییە، بەڵام لەم دەوڵەتەدا چرکەساتێک هەیە تێیدا بیرۆکەی کۆمۆنیزم دێتە ناوەوە، "وەکو پێویستییەک نەک وەک خەونێکی لێڵ و ناڕون" (Ibid; 103). کەواتە، هەم ڕەوشی ئاوارتە هەم ئەو بەرفراوانبونەی دەسەڵاتی دەوڵەت دەشێت خزمەت بە کۆمۆنیزم بکات. بەم جۆرە، هیوا بە گەڕانەوەی کۆمۆنیزم لە هزری (ژیژێک) جیانابێتەوە. ئەمەش ڕامان دەکێشێت بۆ ئەوەی تەوەرەی دواتر بۆ ئەم فۆرمە تازەیەی کۆمۆنیزم تەرخان بکەین.

## تەوەرەی سێیەم

## هیوا بە گەڕانەوەی فۆرمێکی نوێی کۆمۆنیزم

ئەم تەوەرەیە لە میانەی سێ لقەوە بۆ ئەو فۆرمە تازەیەی کۆمۆنیزم تەرخانکراوە، کە (ژیژێک) بانگەشەی بۆ دەکات. لە لقی یەکەمدا، باس لە کارەسات[١٦] دەکەین وەکو خاڵی گۆڕانکاریی ڕیشەیی و ڕادیکاڵی. لە لقی دووەمدا، ڕەخنەی ڤایرۆسی ئایدیۆلۆژیا دەکەین لەگەڵ مژدەی ڤایرۆسێکی دیکەی سودبەخش، کە ڤایرۆسی کۆمۆنیزمە. لە لقی سێیەم و کۆتاییشدا بە دیاریکراوی باس لە کۆمۆنیزمە نوێیەکەی (ژیژێک) دەکەین.

### لقی یەکەم: کارەسات وەکو پنتێک بۆ گۆڕانکاریی ڕادیکاڵی

"(ژیژێک) لە نوسینەکانیدا وشەی کاتەستڕۆف ـ بەڵا، موسیبەت، کارەسات ـ زۆر بەکاردەبات و لە کن ناوبراو جارجار دارمانێکی دارایی و جارجارەش بە قەیرانێکی ژینگەیی یاخود تەندروستی دێت. هێندەی لە ئەندێشەی سیاسیی و فەلسەفیی (ژیژێک)یش حاڵی بوبین مادام لەژێر سایەی سیستەمێکی کاپیتاڵیزمی چاوچنۆکی کاپیتاڵیزمدا دەژین ئەوا کاتەستڕۆفەکان بڕانەوەیان بۆ نییە" (حەمە، ٢٠٢١: ٢٣٨). هەرچەندە (ژیژێک) هێما بۆ ئەو دەکات، کە تەنها لۆژیکێکی ناوەکی و جەوهەریی ئەو هێزەی هەیە لە ناوخۆیدا بتوانێت شتێک بگۆڕێت و، هەر ئەم لۆژیکە ناوەکی و جەوهەرییەشە توانستی تێکدان و ڕوخاندنی هەیە. بەڵام ئەم ڤایرۆسە ناتوانێت فۆرمێک بێت لە فۆرمەکانی تێکدان و ڕوخان و ئەو هێزە ناوەکی و جەوهەرییەشی نییە بتوانێت بنەماکان بلەرزێنێت، چونکە سەقامگیریی تەلارە گەورەکەی ئەم ڤایرۆسە وەستاوەتە سەر نارێکی و ناهۆمۆجینی و ناهاوسەنگییەکەی (Rivas, 2020; 15). بە واتایەکی ڕونتر، ئەم ڤایرۆسە خۆی ئەو هێزە ڕێکخراو و جێگیر و سیستماتیکەی نییە تاکو بتوانێت ڕوخێنەر و تێکدەربێت. بەڵام هەروەکو (ژیژێک) لە زۆر شوێندا و بە دەربڕینی جیاواز باس لەوە دەکات ئەم ڤایرۆسە بوەتە هۆی خوڵقاندنی کارەسات. کارەساتیش خاڵی وەرچەرخانە لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی دی و حەقیقەتمان بۆ دەردەخات و قەڵەمباز بە شارستانییەتەکەمان دەدات. لەم سۆنگەیەوەیە (ژیژێک) دەڵێت "ڕاستییەکی خەمناک هەیە ئەویش ئەوەیە، کە ئێمە پێویستمان بە کارەسات هەیە تاکو توانستی بیرکردنەوەمان هەبێت لە خاسیەتە بنەڕەتییەکانی ئەو کۆمەڵگەیەی تێیدا دەژین (Žižek, 2020a; 41). بەم شێوەیە، لە دیدی (ژیژێک)ەوە چەمکی کارەسات وەک پێش گریمانەیەکی سادەی کرۆکی کۆمۆنیزم جوانییە ڕوخێنەر و وێرانکارەکەی لە جیاوازی نێوان سوبێکت و جیهان و، سوبێکت و سروشت و، جۆرێکی ئاست جیاوازی لەناوبەر و خامۆشکەردایە (Rivas, 2020;19). بەو واتایەی دەبێتە هۆی دوبارە بنیاتنانەوەی پەیوەندییەکانی سوبێکت لەگەڵ جیهان و سروشت و کۆمەڵگەدا. ئەمەش وا دەکات پێداچونەوە بە پەیوەندییەکانمان بکەین لەگەڵ سروشت و کۆمەڵگە و دەوڵەت و ئەو ژینگەیەی تێیدا دەژین. بەڵام مرۆڤایەتی هەتا دێ زیاتر بەرەو وێرانکردنی سروشت و ژینگەکەی هەنگاو دەنێت، بۆیە لێرەدا ئەو پرسیارە دروست دەبێت ئایا مرۆڤایەتی چۆن دەتوانێت سروشت و ژینگەکەی ڕزگار بکات؟

(ژیژێک) لە وەڵامدا دەڵێت "مرۆڤایەتی، لە نمونەی هەر شێوازێکی بەرهەمهێناندا، لە لایەکەوە سروشت وێران دەکات. لە لایەکی دیکەوە دەیخوڵقێنێت و دەیبوژێنێتەوە، بۆیە دەکرێت بەردەوامبونی پەتای کۆڤید-١٩ حاڵەتێکی

نمونەیی سروشتێکی تازە بێت، ئێمە نازانین، بەڵام پێویستیش ناکات لەبارەی سروشتەوە نیگەران بین، چونکە سروشت بەهۆی گۆڕانکارییەکانەوە پارێزگاری لە مانەوەی خۆی دەکات، بەڵام دوای ئەوەی ئێمە دانیپێدابنێین" (Žižek, 2020b; 190,191). کەواتە، مامەڵەی ئێمە لەگەڵ ئەم پەتایەدا ئاڕاستە و ڕێڕەوەکەی دیاری دەکات و دەشێت بۆ سروشتەکەمان سودبەخش بێت. ئەو سروشتەی تەنگمان کردوەتەوە لە خۆمان. (ژیژێک) دەڵێت "بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە ئەم ڤایرۆسە دو جۆر پێشکەوتنی لەگەڵ خۆیدا هێناوە، کە وڵاتان پێڕەوی دەکەن و گەواهی گۆڕانکاریی ڕادیکاڵی و ئەو جۆرە لە کۆمۆنیزم دەدات، کە من هەمیشە ئاماژەی پێدەکەم، ئەوانیش: یەکەم، سیستەمی دامەزراوە تەندروستییەکان بە مەبەستی چاودێریکردنی لاواز و بەساڵاچوان پشت بە یارمەتی کۆمەڵگە خۆجێیی و لۆکاڵییەکان دەبەستن. دوەم، جۆرێک لە هاریکاریی نێودەوڵەتی کارایانە بەڕێکخستن کراوە بۆ مەبەستی بەرهەمهێنان و هاوبەشی لە ساماندا" (Žižek, 2020a;104). هەروەها، دو نمونەی بەرچاو هەن، کە هێمان بۆ جۆرێک لە کۆمۆنیزم، ئەوانیش: پەیڕەوکردنی شێوەیەک لە داهاتی جیهانی و، چاودێری تەندروستی بۆ هەموان (Žižek, 2020b; 28,29). کەواتە، هیچ جێگرەوەیەک نییە، یان کۆمۆنیزم یاخود ڕازیبون بە بەربەریزمی نوێ (Žižek, 2020a; 104). بەڵام ئایا کاپیتالیزم هێندە بە سانایی دەسبەرداری ئایدیا و خەیاڵەکانی خۆی دەبێت بۆ کۆمۆنیزم؟ ئەمە ئەو پرسیارەیە لێرەدا (ژیژێک) خۆی لێ بواردوە. دەشێت ئەمەش لەوەوە سەرچاوە بگرێت (ژیژێک) ئومێدێکی زیاد لە پێویست لەسەر ئەم ڤایرۆسە هەڵدەچنێت وەکو دەرچەیەک بۆ بەرجەستەبونی ئایدیا سۆسیالیستییەکانی.

(ژیژێک) ئەرگیومێنتسازیی زیاتری ئەم بۆچونەی دەکات و دەڵێت "کاتێک (دۆناڵد ترامب)ی سەرۆکی ئەوکاتی *ئەمەریکا* پێشنیاری بۆ کۆمپانیای [کیورڤاک](١٧)ی *ئەڵمانی* بۆ تەکنۆلۆژیای زیندەزانی کرد تاکو دڵنیایی بدەن لە دۆزینەوەی پێکوتەیەک بۆ ڤایرۆسی کۆرۆنا، بەڵام تەنها بۆ *ئەمەریکا*. ئەم حاڵەتە نمونەیەکە لە ناکۆکی نێوان بەتایبەتیبون/بەربەرییەت لەگەڵ سۆسیال/شارستانیەتدا. لە هەمان کاتدا، (ترامب) بە ناچاریی پاساوی بە یاسای بەرهەمهێنانی بەرگریکردن دەهێنایەوە بۆ ڕێگەدان بە حکومەت تاکو کەرتی تایبەت ئاڕاستە بکات بۆ زیادکردنی بەرهەمهێنانی کۆمەکی پزیشکی لەناکاو. ئەوەشی خستەڕو، کە کۆنترۆڵمان بەسەر کەرتی تایبەتدا هەیە. ئایا پێش ئەم پەتایە شیمانەی ئەمە دەکرا؟ ئەگەر ڕێکخستنی لۆکاڵی و خۆجێیی بۆ کۆمەڵگەکان شکست بەو سیستەمە تەندروستییە بهێنێت، کە دەوڵەت لەژێر گوشارێکی گەورەدا بەڕێوەی دەبات، ئەوا تەنها گۆشەگیریی و مانەوە لە ژیان بەس نییە، هەتا ئەگەر بشێت ئەوەش بکرێت. لەبەرئەوە، پێویستە هەرچی زیاترە خزمەتگوزارییە بنەڕەتییە گشتییەکانی وەک ئاو و کارەبا و خواردەمەنی و دەرمان بەردەست بخرێن. هەمو ئەمانە وایکردوە ئەم ڕۆژانە بیر لە گۆڕانی سیستەمە کۆمەڵایەتی و ئابورییەکەمان بکەینەوە" (الناسک، آب ٢٠٢٠: ٢٢٦). گۆڕانکارییەک بەرەو جۆرێک لە کۆمۆنیزم، بەڵام ئایا ئەمە تێڕوانینێکی ئایدیۆلۆژییانە نییە؟ لە لقی دواتردا هەوڵی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەدەین.

## لقی دوەم: لە نێوان ڤایرۆسی ئایدیۆلۆژیا و ڤایرۆسی کۆمۆنیزمدا

(ژیژێک) لە کتێبی (پەتای کۆڤید-١٩ جیهان دەلەرزێنێت) لە وتارێکیدا بە ناونیشانی (ڤایرۆسی

ئایدیۆلۆژیا، (The Viruse of Ideology) ئەو پرسیارە دەوروژێنێت "لە کوێ زانیاریی کۆتایی دێت و ئایدیۆلۆژیا دەستپێدەکات؟ (Žižek, 2020a; 55). بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەچینە لای ئەو بۆچونەی (ژیژێک) کاتێک "باس لە پزیشکی چینی (لی ویلیانگ، Le Wenliang) دەکات وەک پاڵەوانێک، چونکە هەر زو ڤایرۆسی کۆرۆنای دۆزییەوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی ئازادی ڕادەربڕین لە چیندا بەرتەسکە، بۆیە ڕێگەیاننەدا بە ئاشکرا لە ڕاگەیاندنەکان باس لەو ڤایرۆسە بکات. ئەمەش سوچی شێوازی تۆتالیتاریزمی دەزگای دەوڵەتی چین‌ـە، کە تەنانەت دژی دروشمەکانی (ماو تسی تۆنگ)یشە، کە داوای متمانەکردن بە گەل[١٨] دەکات، چونکە لە پراکتیکدا حکومەت لەسەر بنەمای متمانە بە گەل مامەڵەی نەکرد، ئەمەش لە باوەڕی توندی چین بە ئایدیۆلۆژییەتی ڕەسمی دەوڵەتەوە سەرچاوە دەگرێت" (Ibid; 7,8). (ژیژێک) بەم مانایە ئایدیۆلۆژیا ڕەت دەکاتەوە و متمانەی دولایەنە لە نێوان دەوڵەت و هاووڵاتیاندا بە پێویست دەزانێت. هەرچەندە دەوڵەتی چین پێشتر پابەندی مارکسیزم و ماویزم بو، بەڵام (ژیژێک) دەڵێت "لەم ساڵانەی دواییدا، حکومەتی چین هەستا بە داخستنی ژمارەیەک ماڵپەڕی ماوییەکان و قەدەغەکردنی دیالۆگەکانی گروپە مارکسییەکان لە زانکۆکاندا. بەم جۆرە، مەترسیدارترین شت، کە چین ئەمڕۆ دەیکات باوەڕی جددییەتی بە ئایدیۆلۆژیای ڕەسمی دەوڵەتەکەی" (Ibid; 9). بەو پێیەی حزبی شیوعی تاکە حزبی سیاسی فەرمانڕەوایە لەو وڵاتە و تەنها لە چوارچێوەیەی ئەو ئایدیۆلۆژیا دیاریکراوەی ئەم حزبە ڕەنگرێژی کردوە ڕێگا بە سیاسەت و کردەی سیاسی دەدات. ئەمەش بەرتەسککردنەوەی سنوری ئازادییەکانی لێکەوتوەتەوە و (ژیژێک) بە مەترسی دەزانێت. بۆیە لێرەوە ئەو پرسیارە دەکات "تۆ کاتێک سۆشیاڵ میدیا و، هەواڵی ساختە و هەواڵی ڕاستت تێکەڵ بە یەکتری کردوە و متمانەت گەیاندوەتە ئاستی سفر، چۆن دەتوانیت شەڕ لەگەڵ ئەم پەتایەدا بکەیت؟" (Ibid; 9).

کەواتە، ئەمانە بەربەستی سەرەکین لە بەردەم ڕوبەڕوبونەوەی ئەم ڤایرۆسەدا هەروەکو چۆن (ژیژێک) دەڵێت "هۆکاری بەردەوامی بڵاوبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا بەهۆی چالاکبونی بەرفراوانی ڤایرۆسی ئایدیۆلۆژیاوەیە، کە بەشێوەیەکی پەنهان لە کۆمەڵگەکانماندا خۆی حەشارداوە، ئەوانیش: هەواڵی ساختە و تیۆری پیلانگێڕیی تۆقێنەر و هەڵکشانی ڕەگەزپەرستییە" (Ibid; 39). (ژیژێک) ئەمە دەڵێت و هاوکات پێی وایە دۆزینەوەی زەمینەی لەباری پێویستی تەندروستی بۆ کەرەنتینەکردن وەک گوشاری ئایدیۆلۆژی دەنگ دەداتەوە، چونکە بە ئامانجی بنیاتنانی سنورەکان و کەرەنتینەکردنی ئەو دوژمنانەیە، کە هەڕەشەن بۆ سەر ناسنامەکەمان (Ibid; 39). بەم جۆرە، کۆرۆنا دەشێت وەک ئامرازێک بەکاربێت بۆ پیادەکردنی ئایدیۆلۆژیا. "بەڵام دەشێت ڤایرۆسێکی ئایدیۆلۆژی زۆر سودبەخشی دیکە بڵاوبێتەوە و خۆشبەختانە ئێمە توشی بین، ئەویش ڤایرۆسی بیرکردنەوەیە لە کۆمەڵگەیەکی ئەڵتەرناتیڤ و جێگرەوە، کۆمەڵگەی پۆست دەوڵەت-نەتەوە، کۆمەڵگەیەک، کە خۆی لە فۆرمێکی جیهانی هاوکاری و هەماهەنگیدا بەرجەستە دەکات" (Ibid; 39). سەربارى ئەوەی ئەم ڤایرۆسە وەکو ڤایرۆسێکی ئایدیۆلۆژی دێتە بەرچاو، بەڵام ئەمە ڤایرۆسی ئایدیۆلۆژیا نییە، بەڵکو ڤایرۆسی کۆمۆنیزمە. هەرچەندە ئەمە جۆرێکە لە ڕیتۆریک و، یاریکردن بە وشە و چەمکەکان، بەڵام ئێمە ناوەڕۆکەکەیمان مەبەستە، بۆیە لەسەر هەمان هێڵی (ژیژێک) دەڕۆین و بە هەمان زمانی (ژیژێک) دەڵێین جیاوازیی ئەم ڤایرۆسە لەگەڵ ڤایرۆسی کۆرۆنادا ئەوەیە ڤایرۆسی کۆرۆنا زیانبەخشە، کەچی ڤایرۆسی کۆمۆنیزم سودبەخش و

پێویستە، بەڵام ئایا ئەمە چ جۆرە كۆمۆنیزمێكە؟ هەرچەندە تا ئێرەی توێژینەوەكە و لە دوتوێی باسەكەماندا ئاماژەمان بە هێڵە سەرەكییەكانی ئەم كۆمۆنیزمە كردوە، بەڵام بەو پێیەی لە هزری (ژیژێک)یشدا لێڵ و ناڕون و تەمومژاوییە. بۆیە، لە لقی دواتر و كۆتاییدا بە ئامانجی ڕونكردنەوەی زیاتر سەرنجمان لەسەری چڕدەكەینەوە.

**لقی سێیەم: كۆمۆنیزم بە واتای هاریكاریی و هەماهەنگی**

ئەوەمان بینی كە مرۆڤایەتی لە ساتی نائاسایی كۆرۆنادا وەک خێزانێكی لێهات. پرسی لۆكاڵ لەژێر پرسی گشتی و گڵۆباڵدا ون بو. واتە ئەوەی زاڵ بو پرسێكی جیهانی بو، بەڵام ئەم ڤایرۆسە گڵۆباڵە شتێكی نەرێنییە. لێرەدا پرسیارەكە ئەوەیە چۆن شتێكی ئەرێنی - ژیژێک لە كۆمۆنیزمدا ئەم شتە ئەرێنییە دەبینێت - لە هەناوی شتێكی نەرێنییەوە دەردەهێنین" (عومەر، ٢٠٢٠: ١٨،١٩). لێرەوە (ژیژێک) دەڵێت "ئەم سیستەمە نوێیە، كە پێویستییەكی سەردەمە، گرنگ نییە چ ناوێكی هەیە: كۆمۆنیزمە یاخود بە خواستن لە (پیتەر سلۆتەردایک)ی فەیلەسوفی *ئەڵمانی* كۆئیمیونیزمە (بەرگری هاوبەش یاخود كۆبەرگریی، Co-immunism)، بەڵكو گرنگ ئەوەیە هەموان كۆمەک بە یەكتر بكەین تاكو دژی هێرشەكانی ڤایرۆسەكە سیستەمی بەرگریمان بەهێز بكەین" (Žižek, 2020b; 82). كە دەڵێت هەموان لێرەدا شتێک بونی نامێنێت بەناوی دۆست و نەیار یان هاوپەیمان و ناهاوپەیمان، ئەوەبو (بنیامین نەتەنیاهۆ)ی سەرۆک وەزیرانی ئەوكاتی *ئیسرائیل* (٢٠٢٠) پێشنیاری یارمەتی و هاوكاری بۆ دەسەڵاتی *فەلەستین* كرد، چونكە لەو ڕاستییە تێگەیشتبو ئەگەر *فەلەستینییەكان* توشی ڤایرۆسی كۆرۆنا ببن ئەوا بێگومان *جوەكانیش* توش دەكەن، بۆیە (ژیژێک) ئەو گوتەزایە لە (مارتن لۆسەر كینگ) دەخوازێت، كە نیو سەدە لەمەوبەر دەریبڕیوە "دەشێت ئێمە هەمومان لەسەر كەشتی جیاوازەوە هاتبین، بەڵام ئێستا لەناو هەمان بەلەمداین" [١٩] (Žižek, 2020a; 14,15). بە واتایەكی تر، هەمومان یەک چارەنوسمان هەیە. ئەمەش وا دەخوازێت هاوكاری یەكتری بكەین.

(ژیژێک) بۆ مەبەستی پتەوكردنی ئەم هاریكاریی و پێكەوەكاركردنە داخوازیی "متمانەی سەربار، هەستی هاریكاریی سەربار، هەستی نیازپاكی سەربار" لە دەوڵەتان دەكات (Žižek, 2020a; 10). بەم جۆرە، (ژیژێک) پێی وایە هیچ دەوڵەتێک بە تەنیا دەرەقەتی ئەم ڤایرۆسە نایەت، بەڵكو پێویستی بە هاوكاری دەوڵەتانی دیكە دەبێت (میراودەلی، حوزەیرانی ٢٠٢٠: ٨٩). بەپێچەوانەشەوە، (ژیژێک) كاركردنی هەر دەوڵەتێک بە جیا بۆ ڕوبەڕوبونەوەی ئەم پەتایە ناودەنێت "قبوڵكردنی لۆژیكی هەرە وەحشیگەرانەی مانەوە بۆ بەهێزترین" (Ibid; 70). بەڵام، ئایا تەنها لەسەر ئاستی پەیوەندی نێوان دەوڵەتان پێویستمان بە هاوكاری و پێكەوەكاركردن هەیە؟

(ژیژێک) پێیوایە نەک تەنها لەسەر ئاستی پەیوەندی دەوڵەت و حكومەتەكان بە یەكترەوە، بەڵكو حكومەت و دەوڵەتەكان خۆشیان بە مەبەستی ڕوبەڕوبونەوەی كۆرۆنا پێویستیان بە هاوكاری و كۆمەكی خەڵک هەیە (میراودەلی، حوزەیرانی ٢٠٢٠: ٨٩). هەرچەندە، (ژیژێک) دان بەوەدا دەنێت، كە بەربەستی سەرەكی لە بەردەم پابەندبون بە ڕێوشوێنەكانی ڕوبەڕوبونەوەی ئەم پەتایە و هاوكاری و یارمەتیدانی یەكتری زۆر ئاڵۆز و سەرنجڕاكێشە و، بۆ ڕونكردنەوەی چۆنیەتی ئەمە دەڵێت زۆرجار لە كارەكانمدا ئاماژە بە زنجیرە فیلمەكانی (لویس بۆنۆوێڵ، Luis Buñuel) دەكەم، كە لەسەر بنەمای هەمان ئەو بیرۆكەیە بنیاتنراون، كە (بۆنۆوێڵ)

بانگەشەی بۆ دەکات بە "non-explainable impossibility of the fulfilment of a simple desire". بەو واتایەی "ناتوانین ئەو دۆخە ڕونبکەینەوە لەو کاتانەدا، کە زەحمەتی و سەختی و بەربەستمان بۆ دێتە پێش تاکو ئارەزوە سادەکانمان جێبەجێ بکەین". لە فیلمی (تەمەنی زێڕین، L'Age d'Or)دا دو کەپڵ دەیانەوێت پەیوەندی سێکسی بگرن، بەڵام دوبارە و جار لە دوای جار بەهۆی هەندێک ڕوداوی گەمژانەوە دوچاری بەربەست دەبنەوە. لە فیلمی (ژیانی تاوانکاریی ئەرشیبالدۆ دی لا کرۆز، The Criminal Life of Archibaldo de la Cruz) پاڵەوانەکە دەیەوێت کوشتنێکی سادە ئەنجام بدات، بەڵام هەمو هەوڵەکانی شکست دەهێنێت... کاردانەوەکانیشمان بۆ پەتای کۆڤید-١٩ بە تەواوەتی هاوشێوەیە: هەمومان بەجۆرێک دەزانین پێویستە لەسەرمان چی بکەین، بەڵام چارەنوسێکی نامۆ ڕێگەمان لێ دەگرێت لە کردنی ئەوەی، کە پێویستە بیکەین (Žižek, 2020b; 109). بەم جۆرە، (ژیژێک) خۆی دەداتە دەست ئەو ڕوانینە (هێگڵ)ییەوە، کە پێی وایە مێژو لە جوڵە و بەرەوپێشچوندایە بۆ تەواوکردنی ڕۆحی جیهان [گایست، Geist]. ئەم ڕۆژگارە گایستی جیهان لە ڤایرۆسی کۆرۆنادا دەردەکەوێت وەک چۆن (هێگڵ) گایستی جیهانی لە (ناپلیۆن)دا بەدیکرد، چونکە کۆرۆناڤایرۆس مژدەی کۆمۆنیزمی پێیە. ئەو کۆمۆنیزمەی هەموان ناچار دەکات لەپێناوی یەکتردا و بۆ یەکتر تێهەڵچن.

## دەرئەنجام:

لە کۆتاییدا، دەگەڕێینەوە سەر ئەو پرسیارەی لە سەرەتای توێژینەوەکەوە وروژاندمان: ئایا لە ڕوانگەی (ژیژێک)ـەوە چۆن و بە چ شێوازێک کۆرۆناڤایرۆس ڕێگا بۆ سەرهەڵدانی کۆمۆنیزم خۆش دەکات؟ هەڵبەت لەژێر ڕۆشنایی بۆچونەکانی (ژیژێک)ـەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی، کە ژیانی دوای پەتای کۆرۆنا درێژکراوەی ژیانەکەی پێشترمانە نەک ژیانێکی تر، بەڵام مژدەی قۆناغێکی نوێی پێیە، چونکە چیتر ئەو متمانەیەی جارانمان بە هەسارەکەمان و داهاتومان نییە، بەڵکو هەمیشە لە بەردەم کارەساتی جیهانیداین، بەڵام کارەسات لە هەناوی خۆیدا تۆوی بوژانەوە و نوێبونەوەی هەڵگرتوە، هەرچەندە ئەمە نابێت ئەوەمان لە بیر بباتەوە، کە پێویستە واز لەو دروشم و بانگەشانە بهێنین، کە تەنها لەپێناوی خۆمان و نەتەوە و دەوڵەتەکەی خۆماندایە چونکە دواجار چارەنوسی هەمومان بە یەکترەوە بەستراوە. ئەمە لە کاتێکدایە سیستەمی کاپیتالیزمی باویش چارەسەری پێ نییە، بۆیە پێویستیمان بە پیادەکردنی سیستەمێکی تازەیە، ئەو سیستەمە تازەیەش فۆرمێکی نوێی کۆمۆنیزمە. ئەمە کۆمۆنیزمێکی ئایدیاڵ و یۆتۆپی نییە، بەڵکو کۆمۆنیزمێکە لە هەناوی پێویستی و داخوازییەکانی واقیعەوە هەڵقوڵاوە. چونکە واقیع لە قەیراندایە و دوچاری کارەسات بوەوە و لە کۆرۆناڤایرۆسیشدا بە جیهانی بوە. هەرچەندە لەو کاتانەدا، کە (ژیژێک) ئەم بۆچونانەی خۆی تێدا گەڵاڵەکردوە بەهۆی بەرفراوانی و بەربڵاوی ئەم ڤایرۆسە و مەترسییەکانییەوە، کە ڕوی لە هەمو جیهان کردبو، تاک و کۆمەڵگە و دەوڵەتان زیاتر بە تەنگ یەکدییەوە دەهاتن و هاوکاری نێوانیان زیاتر بو، بەڵام ئێستا و پاش ڕەوینەوەی مەترسییەکانی ئەم ڤایرۆسە و دۆزینەوەی ڤاکسین ئەم فۆرمە لە کۆمۆنیزم بەدیناکەین، کە (ژیژێک) ئەگەری هاتنەئارای ڕاگەیاندبو. ئەمەش

پێچەوانەی گریمانەکەمان دەسەلمێنێت. بەڵام ئەو پێشبینییەشی بە ڕاست گەڕا کە گوتی ئەگەر بێت و سیستەمی کاپیتالیزم ئەم پەتایە دەرباز بکات ئەوا بەرەو فۆرمێکی سیاسی و ئابوری بەربەریی هەنگاو دەنێین. ئێستا (٢٠٢٢)، وێڕای ئامادەیی ئەم ڤایرۆسە بە لاوازی و دۆزینەوەی پێکوتە و بەرگرتن بە تەشەنەسەندن و ڕێگرتن لە زیانەکانی، لە دوتوێییدا بێهیوایی (ژیژێک) بەدیدەکرێت لە گەڕانەوەی کۆمۆنیزم، بەڵام ئەوەی (ژیژێک) جیادەکاتەوە ئەوەیە، لە خەونەکانی بۆ بەدیهێنانی کۆمۆنیزم پاشەکشەی نەکردوە و تا ئێستا بە خەونی کۆمۆنیزمەوە لە ڕوبەرەکانی هزردا ئامادەیە.

# Coronavirus from Slavoj Žižek's perspective: From Capitalism to Communism

**Muslim Hasan Mohammed**[1] - **Nawdar Zeyad Ridha**[2]

[1+2]Philosophy Department, College of Human Sciences, Raparin University, Ranya, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract:

The world system has followed capitalism. According to Slavoj Žižek, capitalism is facing many crises. One of the crises created by this system is the coronavirus pandemic. Since capitalism thinks only in terms of profit and the market, it cannot overcome this pandemic with its own rules. Moreover, the main culprit is the political model of capitalism, neoliberalism, as it becomes increasingly barbaric through privatisation, corporations, media and social media. Meanwhile, the coronavirus has instilled fear in people's hearts and expanded the power of the state over citizens. Žižek argues that all these help to sprout socialism and pave the way for a new form of communism. This stems from the fact that capitalist mechanisms and tools cannot prevent a crisis such as the coronavirus. Instead, states, organisations and individuals must resort to communism. This communism embodies more cooperation and coordination, because in times of crisis, neither the state alone and without the cooperation of members of society can overcome the crisis, nor can any state face the crisis alone. However, it is important for the state to avoid implementing a particular ideology, as ideology can lead to totalitarianism and restriction of freedoms. In return, Žižek says that if countries move beyond the nation-state stage and move towards a post-nation state by implementing a new form of communism, our liberation, survival and defence will grow and become stronger. Žižek is also interested in the concept of catastrophe and believes that catastrophe helps to rebuild and revive. Although the coronavirus has caused catastrophe, it carries the seeds of revival.

**Keywords:** Slavoj Zizek, Coronavirus, Capitalism, Catastrophe, NeoLiberalism, Communism.

## سەرچاوەکان


Delanty, Gerard, May 2020, Six political philosophies in search of a virus: Critical perspectives on the coronavirus pandemic, LSE; The London School of Economics and Political Science, Paper No. 156/2020, London, Available at: https://www.lse.ac.uk/european-institute/Assets/Documents/LEQS-Discussion-Papers/LEQSPaper156.pdf

John Reader, 2022, Review of Giorgio Agamben (2021). Where Are We Now? The Epidemic as Politics, Postdigital Science and Education, Available: https://www.ncbi.nlm.nih.gov/pmc/articles/PMC8264487/pdf/42438_2021_Article_247.pdf

Rivas, Virgilio, 2020, Zizek and his Panic: A Critical Schellingian Review, International Journal of Žižek Studies, Open Humanities Press, Volume 14, No 2, Available at: https://zizekstudies.org/index.php/IJZS/article/view/1183

Sharpe, Matthew and Boucher, Geoff, 2010, Zezik and Politics; A Critical Introduction, Edinburgh University Press Ltd, Edinburgh.

Unwin, Stephen, 2005, A Guide to The Plays of Bertolt Brecht, Bloomsbury Publishing Plc, London and NewYork.

Žižek, Slavoj, 2020a, Pandemic! Covid-19 Shakes the World, OR Books, New York and London.

Žižek, Slavoj, 2020b, Pandemic! 2 Chronicles of a Time Lost, OR Books, New York and London.

حەمە، ئازاد، ٢٠٢١، فەلسەفاندنی پەتا ـ فەیلەسوفان و کۆڤید ١٩، دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان، چاپخانەی تاران، ئێران.

تەیفوری، مەنسور، بەبێ ساڵی چاپ، دۆخی ئاوارتەی ڕاستەقینە، کۆمەڵە وتار، ناوەخت: بیرکردنەوە لە سەردەمی کۆرۆنادا، ناوەندی غەزەلنوس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی/هەرێمی کوردستان/عێراق.

عومەر، وەلید، کۆرۆنا و ساتەوەختە زاتییەکان، ئامادەکردنی: داستان بەرزان، کۆڤید ١٩، دەزگای میدیایی ژیان، چاپخانەی یاد، سلێمانی/هەرێمی کوردستان/عێراق.

گۆڤاری فۆکەس، ژمارە ١٠، ساڵی چوارەم، فایلی ٤ و فایلی ٥، دەزگای ئایدیا بۆ فکر و بڵاوکردنەوە، سلێمانی/هەرێمی کوردستان/عێراق.

مایەرز، تۆنی، ٢٠١٤، فەلسەفەی سلاڤۆی ژیژەک، و: وەلید عومەر، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی/هەرێمی کوردستان/عێراق.

الناسک، الحاج محمد، آب ٢٠٢٠، جائحة كوفيد- ١٩ ترج العالم، مجلة الباب للدراسات الاستراتيجية والإعلامية، العدد ٧، مركز الجزيرة للدراسات، الدوحة/قطر.

ديهنافي، فاطمة نوري، أبريل ٢٠٢٠، ملاحظات مختصرة حول تصور «جيجک» من فيروس كورونا (Covid-19)، ترجمة: حنان برقرق، مؤسسة مؤمنون بلا حدود للدراسات والأبحاث، المملكة المغربية.

## پەراوێزەکان:

(١) علم الفيروسات، Virology.

(٢) (سلاڤۆی ژیژێک، Slavoj Žižek) فەیلەسوفێکی *سلۆڤینی*یە، لە ساڵی (١٩٤٩) لەدایکبوە و تا ئێستاش (٢٠٢٢) لە ژیاندا ماوە. بە یەکێک لە گەورەترین کەسایەتییە چەپەکانی ڕۆشنبیری ئەوروپا ئەژماردەکرێت و لەناو چەپەکانیشدا (ژیژێک) بەهۆی بۆچونە تایبەت و جیاوازەکانی و ڕادیکاڵییەتە توندەکەی و دژایەتییە بەردەوامەکانییەوە بۆ کاپیتاڵیزم و لیبرالیزم بە تاقانە دادەنرێت. نوسین و بەرهەمەکانی (ژیژێک) زۆر و هەمەجۆرن و بۆ زیاتر لە [٢٠] زمان وەرگێردراون. بۆچون و دیدگاکانی (ژیژێک) هەمیشە مایەی مشتومڕ و دیالۆگن. بەشێک لە بیرۆکەی نوسینەکانی (ژیژێک) تەوەرەکانی پەیوەندییە هزرییەکان و مێژوی ئۆپێرا، کولتوری باو و تیۆری هاوچەرخ، فەلسەفەی مۆدێرن، سینەمای ئەوروپی، ڕوداوە سیاسییەکان، کاپیتاڵیزم، فەندەمێنتاڵیزم، ڕەگەزپەرستیی، لێبوردەیی، ژینگە، جیهانگیریی، فاشیزم و تا دوایی لەخۆدەگرێت (Sharpe and Boucher, 2010; 2-7).

(٣) کتێبی (پەتای کۆڤید-١٩ جیهان دەلەرزێنێت، Pandemic: Covid-19 shakes the World) یەکەم کتێبی (ژیژێک)ە لەبارەی کۆرۆناڤایرۆسەوە. (ژیژێک) ئەم کتێبەی لە دەزگای [OR Books] بە چاپ گەیاندوە، کە دەزگایەکی چەپە و، قازانجی کتێبەکەشی بۆ [ڕێکخراوی پزیشکانی بێسنور] تەرخانکرد. ئەم کتێبە لە پێشەکی و [١٠] وتار پێکهاتوە، کە لە سەرەتای هاتنی پەتای کۆرۆناوە لە ڕۆژنامەکاندا بڵاوی کردوەتەوە. لەبەرئەوە، کتێبەکە بەشێوەی بەش و تەوەرە نییە، بەڵکو هەر وتارێک ناونیشانێکی خۆی هەیە و بابەتێکی سەربەخۆیە، بەڵام هەموی لە دەوری پەتای کۆرۆنادا دەخولێتەوە (الناسک، آب ٢٠٢٠: ٢١٧).

(٤) ئەم کتێبەی (ژیژێک) بە ناونیشانی (پەتا ٢: تۆمارەکانی زەمەنی لەدەستچو، Pandemic 2: Chronicles of a Time Lost) دوەم کتێبی (ژیژێک)ە لەبارەی کۆرۆناوە، لە دەزگای [OR Books] چاپکراوە. لە پێشەکی و، [١٤] وتار و، کۆتاییەک لەبری ئەنجام و، دو پاشکۆ پێکهاتوە (توێژەران).

(٥) (ژیژێک) لە فەلسەفەدا دەگەڕێتەوە بۆ (فریدریک هیگڵ)، لە سیاسەتدا بۆ (کارڵ مارکس) و، لە دەرونشیکاریدا بۆ(ژاک لاکان). (هیگڵ) ئایدیا وەک بنەڕەتی واقیع و جیهان دادەنێت. واقیع و جیهانیش وەک گشت. لە ڕێگەی بیرکردنەوەی دیالێکتیکیشەوە هەوڵی تێگەیشتن لە گشت دەدات، ئەمەش بە تێز دەستپێدەکات، پاشان دژە تێز و دواتریش سەنتێز. بەو واتایەی هەر ئایدیایەک دژەکەی لە هەناویدایە. بەڵام لە خوێندنەوەی (ژیژێک)دا ئایدیا پارادۆکس و دژوێژی لە خۆیدا هەڵگرتوە، بەو جۆرەی هەر ئایدیایەک لەلایەن جیاوازی و وێکنەچویەکەوە هەڵدەوەشێتەوە چونکە لە هەر ئایدیایەکدا ئاوارتەیەک هەیە. لە تەک (مارکس)یشدا دەزانێت، کە بازاڕی ئازاد دەبێتە هۆی نادادپەروەریی و نایەکسانیی چونکە وا دەکات پارە و سامان لە دەستی چینێکدا کۆبێتەوە، پاشان ئەمە چوارچێوەیەکی سیاسی و کولتوری و یاسایی وەردەگرێت. ئەم چوارچێوەیە، کە بە سەرخان دادەنرێت چوارچێوە ئابورییەکە واتا ژێرخان مسۆگەر دەکات، ئەمەش بریتییە لە کاپیتاڵیزم و تاکە بەدیلیش بۆ کاپیتاڵیزم بریتییە لە کۆمۆنیزم. (ژیژێک) پێی وایە مارکسیزم ئەم تێگەیشتنە لە شێوازی کاری بەکۆمەڵدا ڕێکدەخات بەبێ ئەوەی ڕێگایەک بخاتە ڕو بۆ تێگەیشتنی کاری تاکەکان. بەو واتایەی لەم پرۆسەیەدا ڕەهەندە دەرونی و پاڵنەرە غەریزییەکانی تاکەکان فەرامۆشکراوە. بە مەبەستی ڕەچاوکردنی ئەمە (ژیژێک) کۆمەک لە تیۆرەکانی (ژاک لاکان) وەردەگرێت. لە بەناوبانگترین بەشدارییەکانی (لاکان) لە دەرونشیکاریدا بریتییە لە سێ نەزمەکەی: خەیاڵی، هێمایی، ڕیاڵ. لە خەیاڵیدا ئیگۆ [من] لەدایک دەبێت و قۆناغی ئاوێنە دەستپێدەکات. ئیگۆ پارچە پارچە و هەڵوەشاوەیە و هەوڵ دەدات خۆی لەگەڵ ئەوانیتردا یەکبخات. هێمایش دروستکەری واقیعە. ئێمە هەمومان دیلی ناو هێماین. زمان مانا بە پەیوەندییەکانی ناو هێمایی دەدات، چونکە زمان جیهان دابەش و پارچە پارچە و لایەندار دەکات. هەرچی ڕیاڵە بریتییە لە خودی جیهان پێش ئەوەی لەلایەن زمانەوە دابەش و پارچە پارچە بکرێت. ڕیاڵ بێمانا و تەمومژاوییە. تەنیا هەیە و بەس. مانا تەنیا لە هەناوی هێماوە بەدەستدێت. ڕیاڵ پانتاییەکە بۆ دیالێکتیک، تێیدا ناکۆکی و دژەکان لەناوناچن. لە خەیاڵیدا ناکۆکی و دژەکان یەکدەگرن. لە هێماییشدا هەر شتێک بۆخۆی شتێکە چونکە شتێکی تر نییە. لێرەدا ڕۆڵی سوبێکت دەردەکەوێت، چونکە سوبێکت لە نێوان هێما و ڕیاڵدا گوزارشت لە خۆی دەکات. (ژیژێک) پێی وایە ئێمە بەهۆی ئەو چاڵەی لە نێوان هێما و ڕیاڵدایە وەکو سوبێکت

هەین. (ژیژێک) بۆ دۆزینەوەی جینالۆجیا و ڕەچەڵەکی سوبێکت دەگەڕێتەوە بۆ لای (شیلینگ). (ژیژێک) لەگەڵ (شیلینگ)دا ئینجیلەکەی (یۆحەننا)مان بیردەخاتەوە سەبارەت بە سەرچاوە و ڕیشەی خودا، کە تێیدا هاتوە "لە سەرەتادا وشە بو..." واتا وشە ئەو شوێنەیە سوبێکتی لێوە دەرەکی دەبێتەوە. پانتایی وشەش لەنێو زماندا و لە دەرەوەی سوبێکتدایە. کەواتە سوبێکت ناتوانێت دەرک بە خۆی بکات تەنیا لە ئاوێنەی واقیعەوە نەبێت. بەڵام (ژیژێک) پێی وایە ئەوە ئەویتری گەورەیە شوناس دەبەخشێتە سوبێکتی هاوچەرخ. (ژیژێک) ئەمە بەو جۆرە ڕون دەکاتەوە، کە لە سەردەمی پۆست مۆدێرنەدا وێڕای ئەوەی ئەویتری گەورە لەناوچوە، بەڵام لە شێوەی دیسپلین و یاسادا دەرکەوتوەتەوە. ئەمەش بە پارادۆکس دادەنێت و بە گرفت بۆ سوبێکت ئەژماری دەکات. بەڵام بە مەبەستی چارەسەر پێشنیاری کردە دەکات. کردە لای (ژیژێک) جۆرێکە لە لەخۆدان و خۆکوژیی هێمایی. بۆ نمونە لە فیلمی [گومانلێکراوانی هەمیشەیی]دا. (کایزەر سوژە)ی پاڵەوانی سەرەکی فیلمەکە کاتێک دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە دەبینێت خانەوادەکەی بە بارمتە گیراون، بەڵام ئەو لە جیاتی خۆبەدەستەوەدان جوڵەیەکی شێتانە دەکات و تەقە لە ئازیزترین کەسەکانی خۆی دەکات، پاشان ڕوبەڕوی دوژمنەکانی دەبێتەوە. ئەمەش کردەیەکە بۆ گۆڕینی دۆخی سوبێکت. (ژیژێک) ئەمە بە شۆڕش دادەنێت، کە دەبێتە لەدایکبونی جۆرێکی تازەی هێمایی. بەمەش سوبێکتێکی نوێ لەدایک دەبێت. هەرچەندە (ژیژێک) پێی وایە بیرکردنەوە لە گۆڕانکاریی لە شێوازی بەرهەمهێناندا، واتا لە کاپیتاڵیزمی لیبرالدا ئاسان نییە. ئەمەش وەک کاریگەریی ئایدیۆلۆژیا دەبینێت، چونکە (ژیژێک) بە پەیڕەویکردن لە (مارکس) و (ئەنگڵز) ئایدیۆلۆژیا وەک هۆشیارییەکی درۆیینە دادەنێت، چونکە ئایدیۆلۆژیا تێگەیشتنی سوبێکتی بۆ واقیع بە لاڕێدا بردوە، کەچی سوبێکت ڕەتی ناکاتەوە و ڕەزامەند دەبێت. (مارکس) بەو جۆرە پێناسەی ئایدیۆلۆژیا دەکات "ئەوان نازانن چی دەکەن بەڵام هەر دەشیکەن". کەواتە ئایدیۆلۆژیا سەرەتا کردەوەیە. واتا باوەڕییەکی پێش باوەڕە. هەروەکو (پاسکاڵ) دەڵێت ئەم باوەڕە وەکو ماشێنێک کار دەکات. (ژیژێک) لە تەک (ئالتیسێر)دا بڕوای وایە نمونەی باڵای ئەم ماشێنانە لە دەزگا ئایدیۆلۆژییەکانی دەوڵەتدا جێکەوت دەبن. بە بڕوای (ژیژێک) دەزگا ئایدیۆلۆژییەکانی دەوڵەت وەکو قوتابخانە و زانکۆ و کڵێسا و خێزان و پۆلیس و تا دوایی کۆمەڵێک میکانیزمن کە، باوەڕهێنان بە سیستەمێکی تایبەت دروست دەکەن. ئەم باوەڕانە نائاگایانە دەکەونە پێش باوەڕی ئێمەوە. لەبەرئەوە (ژیژێک) دەڵێت ئەستەمە واقیع لە ئایدیۆلۆژیا جیابکەینەوە چونکە ئایدیۆلۆژیا لە ڕێگەی سێ ڕوکارەوە (دۆکترین، باوەڕ، سروت) دیل و وابەستەی خۆیمان دەکات. بەو جۆرەی ئایدیۆلۆژیا سەرەتا تیۆر و بیرۆکە و بەرنامەیە، پاشان لە دامودەزگاکاندا دەبێتە باوەڕیی، کاتێکیش بەرجەستە دەکرێت دەبێتە کۆمەڵێک سروتی خۆڕسک. لەبەرئەوەیە لە باوەشی ئایدیۆلۆژیادا دیلین. بە بڕوای (ژیژێک) چارەسەری ئەمە بە تەواوکەی تارماییئاسای واقیع دەبێت. بەو جۆرەی واقیع هەمیشە هێماییە، بەڵام پانتایی هێمایی هیچ کاتێک ڕیاڵ تێر و پڕ ناکات. واتا بەشێک لە ڕیاڵ لە دەرەوەی بەهێمابون دەمێنێتەوە. (ژیژێک) ئەمە بەو تارماییە دەبینێت، کە لەسەر واقیع هەیە واتا ئەو درزەیە، کە لە واقیعدا هەیە و هەمیشە شیاوی ڕەخنەکردنە و داوای تەواوکردنی دەکات (مایەرز، ٢٠١٤: ٣٩-٦٦).

(٦) حالة الاستثناء، State of Exception.

(٧) الشيوعية العالمية، Global Communism.

(٨) الخصخصة، privatization.

(٩) (بێرتۆڵد بریخت، Bertolt Brecht) نوسەر و شاعیر و شانۆکارێکی *ئەڵمانی*یە، لە نێوان ساڵانی (١٨٩٨-١٩٥٦)دا ژیاوە. بە یەکێک لە داکۆکیکارەکانی ئەدەبی پرۆلیتاریا و بەرەنگاریی دادەنرێت. (بریخت) نەیاری سەرسەختی نازیزم و فاشیزم بو، لەبەرئەوە لە دەستی نازییەکان بۆ *ئەمەریکا* هەڵاتوە. لە *ئەمەریکا*ش بەهۆی ڕەخنەکردنی سیستەمی کۆمەڵایەتی و سیاسی ڕوبەڕوی دادگاییکردن بوەتەوە و پاشان گەڕاوەتەوە بۆ ئەوروپا. یەکێک لە شانۆنامەکانی (بریخت) بە ناونیشانی [دایک]ـە، کە لەسەر بنەمای ڕۆمانی [دایک]ی (ماکسیم گۆرگی) نوسیویەتی. ناونیشانی تەواوی شانۆنامەکە بریتییە لە ( The mother. Life of the Revolutionary Pelagea Vlassova from Tver). بیرۆکەی سەرەکی شانۆکە لە دەوری ڕەخنەی کاپیتاڵیزم و خزمەتکردن بە چینە کرێکارییەکان دەسوڕێتەوە (Unwin, 2005;144-150).

(١٠) رأسمالية المراقبة، Surveillance Capitalism.

(١١) "to each according to his needs, from each according to his abilities"

(١٢) القوة الكامنة، Potential.

(١٣) (ژیژێک) درمناس و پزیشک نییە و، پسپۆڕیش نییە لە بواری تەندروستیدا، بۆیە قسە لەبارەی قەیرانە تەندروستییەکان ناکات، بەڵکو قەیرانە ئابوریی و سایکۆلۆژییەکەی پەتاکە لەگەڵ لێکەوتەکانی لە دەلاقەیەکی فەلسەفییەوە دەخوێنێتەوە. کۆی ئەم خوێندنەوە و ڕاڤانەی (ژیژێک)، کە پەیوەندیدارە بە بابەتەکەمانەوە بەسەر ئەم توێژینەوەیەدا تەوزیفمان کردوە (توێژەران).

(١٤) (ژیژێک) لێرەدا مەبەستی وڵاتی *کۆماری سۆسیالیستی یوگسلافیای فیدراڵ*ـە، چونکە ئەوکات دەوڵەتی *سلۆڤینیای* زێدی (ژیژێک) بەشێک بو لە خاکی *یوگسلافیا*. لە سەردەمی گەنجی (ژیژێک)دا، کە دەکاتە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی بیستەم سیستەمەکە لە ناوخۆیدا دوچاری دارزان و وێرانبون بوبوەوە، تا دواتر لە ساڵی (١٩٩١)دا کاتێک *یەکێتی سۆڤیەت* هەڵوەشایەوە و بلۆکی سۆسیالیستی کەوت، بە دوایدا بوە هۆی هەڵوەشانەوەی *یۆگسلافیای فیدراڵ* و دابەش بو بەسەر چەند دەوڵەتێکدا، یەکێک لەو دەوڵەتانە، کە سەربەخۆیی بەدەستهێنا *سلۆڤینیا* بو، بەڵام تاکو ڕوخانی سیستەمەکە بەرپرسە باڵاکان خۆیان لەم دارزاوی و وێرانەییەی سیستەمەکە نەبان دەکرد و لە خەڵکیان دەشاردەوە. (ژیژێک) لێرەدا ئاماژە بۆ ئەم مێژوە دەکات (توێژەران).

(١٥) Giorgio Agamben.

(١٦) نكبة، كارثة، Catastrophe.

(١٧) شركة كيورفاك ألمانية لتصنيع المستحضرات الدوائية (CureVac).

(١٨) الثقة بالناس، Trust the people.

(١٩) "We may have all come on different ships, but we're in the same boat now"